# پڕۆسەی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە عێراق لە نێوان ساڵانی (١٩٦٨-١٩٨١) سلێمانی بە نمونە (لێكۆڵینەوەیەكی مێژویی – شیكارییە)

رۆشنا فایق محمد [١]، زانا طیفورعبدالصمد[٢]، سۆران حسین ابراهیم [٣]

[١] بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی سلێمانی، هەرێمی كوردستان، عێراق

[٢،٣] بەشی مێژو،فاكەڵتیی پەروەردە، زانكۆی كۆیە، هەرێمی كوردستان، عێراق

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی پڕۆسەی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە عێراق لە نێوان ساڵانی (١٩٦٨-١٩٨١) سلێمانی بە نمونە)كە تا چەند دەسەڵاتدارانی عێراق گرنگییان بە پڕۆسەی خوێندن و هۆشیاركردنەوەی كۆمەڵگە داوە، هەروەها ئەو گۆڕانكاری و پێشهاتە سیاسییانەی لەم وڵاتە ڕویانداوە كاریگەرییان لەسەر ئەم پرسە هەبوە یاخود نا؟ لەم چوارچێوەیەدا شاری سلێمانی و دەوروبەری وەك نمونەیەكی گرنگی كارا وەرگیراوە. وەك دیارە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، ڕێژەی نەخوێندەواری لە نێو تاكەكانی كۆمەڵگەی عێراقیدا بە گوێرەی داتاكان، بۆ ڕەگەزی مێ لە ئاستێكی مەترسیداردا بو، ڕێژەكە بەم شێوەیە بوە لە لیواكان ٩٠% و لە گوندنشینەكانیش ٩٩% بوە، بەڵام ئەوەی جێگەی دڵخۆشی بو، لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨، دەیان مەڵبەندی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە ناوچەكانی عێراق كرایەوە، بە تایبەتی دوای دەرچونی یاسای ژمارە ١٥٣ی ساڵی ١٩٧١ی دەستەی باڵای نەهێشتنی نەخوێندەواری بە سەرۆكایەتیی وەزیری پەروەردە، بنكەی لە شاری بەغدا كردەوە، پاشان یاسای ژمارە ٩٢ی ساڵی ١٩٧٨ دەرچو، لە پێناو نەهێشتنی نەخوێندەواری و خوێندنی بەزۆر بۆ ئەو هاووڵاتیانەی تەمەنیان لە نێوان (١٥-٤٥) ساڵیدایە. سەرەڕای ئەوەش بودجەیەكی تەواو بۆ پێداویستیی مەڵبەندەكان و كردنەوەی قوتابخانە میللییەكان دابینكراوە. لە ڕاستیدا ئامانجی سەرەكیی ئەم توێژینەوەیە، تێڕوانینێكی گشتییە لەسەر پڕۆسەی نەخوێندەواری لە شەستەكانی سەدەی ڕابردو، پاشان ڕۆڵی مەڵبەندەكانی شاری سلێمانی و دەوروبەری نیشاندراوە، كەچەند گرنگیان بەو پڕۆسەیە داوە و هەوڵیانداوە تاكەكانی كۆمەڵگەی كوردی، لە هەردو ڕەگەزی نێر و مێ، ئاستی هۆشیارییان بەرز بكەنەوە و كۆمەڵگایەكی ڕۆشنبیر دروست بكەن. هەروەها لەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی مێژویی و شیكاری بەستراوە لە ڕێگای تێڕامان و وردبونەوە لە بەڵگەنامە و سەرچاوە مێژوییەكان. پاشان گەیشتن بە ئامانجی هۆكاری سەرهەڵدانی نەهێشتنی نەخوێندەواری و چۆنیەتیی خۆئامادەكردن بۆ ئەو پرسە.

**وشە سەرەكییەكان:** نەهێشتنی نەخوێندەواری، نەزانین، ڕۆڵی مەڵبەندەكان، پەروەردەی سلێمانی، هەڵوێستی كاربەدەستان.

## ١. پێشەكی [1]

**ئەم بەڵگەنامەیە** پڕۆسەی نەهێشتنی نەخوێندەواری بەشێكی گرنگە لە مێژوی هەر نەتەوەیەك، هەروەها لایەنێكی بەهێزە بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی كۆمەڵگا لە سەرانسەری جیهاندا. عێراق لەبواری ئەم پڕۆسەیەدا توانیی گۆڕانكارییەكی بنچینەیی بكات، بەتایبەتی لە ڕێگای دەركردنی یاسا جۆربەجۆرەكانی نەهێشتنی نەخوێندەواری. ئەو گرفتە ڕەگ و ڕیشەی زۆری لە نێوان وڵاتان و كۆمەڵگادا بەهێز كردبو، بەدرێژاییی مێژو ئەو گرفتە هەبوە، مێژوەكەشی بۆ هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوە، بەڵام لە هەمانكاتدا نەتوانراوە بە تەواوەتی لەنێو كۆمەڵگاكاندا بنەبڕ بكرێت، ئەگەرچی هەوڵێكی زۆر درا بۆ كەمكردنەوەی. تەنانەت لە عێراقدا بوە دیاردەیەكی ترسناك و بۆ تەواوی كۆمەڵگای عێراقی جێگای مەترسی بو، شاری سلێمانییش وەك بەشێك لەو مەترسیە پشكی بەركەوت و بوبوە جێگای سەرنجی بەرپرسانی سیاسی و پەروەردەیی، لە ئەنجامدا عێراق گەیشتە ئاستی چوارچێوەی وڵاتانی نەهێشتنی نەخوێندەواری.

**گرنگیی توێژینەوەكە:** بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە لە ڕێگەی لێكۆڵینەوەیەكی زانستییەوە، تیشك دەخرێتە سەر بابەتێكی مێژویی، كە لەگەڵ دەستپێكی گەشەی مرۆڤ و بەردەوامی دایە، پاشان خستنەڕوی چۆنیەتیی گەشەكردنی لایەنی پەروەردە،

[1] . گۆڤاری زانكۆی كۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و كۆمەڵایەتییەكان، بەرگی 9، ژمارە 2 (2026)
ڕێككەوتی: وەرگرتن 21 تموز 2025؛ پەسەندكردن: 7 ئەیلوول 2025
توێژینەوەی ڕێكخراو: لە 4 ئاب 2026 بڵاوكراوەتەوە.

ئیمەیڵی توێژەر: zana.taifor@koyauniversity.org

مافی چاپ و بڵاوكردنەوە © 2026 ڕۆشنا فایق محمد، زانا طیفورعبدالصمد، سۆران حسین ابراهیم، گەیشتن بەم توێژینەوەیە كراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp305-321

بە پێی سەردەمە جیاوازەکان لە تەواوی عێراقدا و ڕۆڵ و پێگەی ئەو وڵاتە لە چارەسەرکردنی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا.

**هۆکاری هەڵبژاردنی** ئەم توێژینەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئارەزووی توێژەران لەسەر ئەو پرسە و نەبونی توێژینەوەیەکی تایبەت بە باسکردنی نەخوێندەواری لە تەواوی پارێزگای سلێمانیدا، بەبەڵگە و ئاماری تایبەت بە نەهێشتنی نەخوێندەواری.

**میتۆدی بەکارهاتو:** لەو ڕوانگەوەی کە سروشتی توێژینەوەکە وای پێویست کردووە، لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شێوازی مێژویی– شیکاری بەکارهێنرێت، کە داتا و زانیاریی سەرچاوەکان کۆبکرێنەوە و ناوەڕۆکی توێژینەوەکەی پێ بخرێتەڕو.

**ئامانجی توێژینەوەکە** تێڕوانینێکی گشتییە بۆ ئاستی گەشەسەندنی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە پارێزگای سلێمانی، پاشان هۆکاری سەرهەڵدانی نەخوێندەواری و چۆنیەتی خۆ ئامادەکردن بۆ ئەو پرسە.

**لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا** پشتمان بە چەندین بەڵگەنامەی بڵاونەکراوەی ئەرشیفی پارێزگای سلێمانی، لەبارەی پرۆسەی نەخوێندەوارییەوە، بەستووە، هەروەها پشتمان بە هەندێ سەرچاوەی تری جۆراو جۆر بەستووە، کە بابەتیانە باس لەو پرۆسەیە دەکەن.

## ٢. چەمکی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە جیهاندا (محوالأمية):

### ٢. ١ چەمکی نەخوێندەواری لە ڕوی واتاییەوە:

لێکۆڵینەوەکان و سەرچاوە مێژوییەکان دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە پێناسەیەکی تایبەت و یەکگرتو و یەکلاکەرەوە، تایبەت بە پرۆسەی نەخوێندەواری لەسەر ئاستی جیهان نییە، بەهۆی جیاوازی لە دانانی ئەو پێوەرانەی بۆ کەسێکی نەخوێندەوار دانراوە و لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر بەکارهێنانی جیاوازە. چەمکی نەخوێندەواری، ئاماژەیە بۆ نەزانین لە نوسین و خوێندنەوە، وشەکە بنەمایەکی مێژویی و کۆمەڵایەتیی لە زمانی فەرەنسیـ( Analphabetisation) هەیە، بەواتای نەزانینی خوێندنەوە و نوسین هاتووە، لە زمانی ئینگلیزیشدا بە واتای (Eradiction of literacy) دێت. لە ئەنجامی بەکارهێنانی چەمکە جیاوازەکانی بواری پەروەردە، تایبەت بەم پرسە، شێوە باوەکەی نەخوێندەواری لای هاووڵاتی بە ئەلفبێ دەست پێدەکات، کەزیاتر لەناو هاووڵاتیاندا بڵاوە، بەڵام نەخوێندەواری شارستانی کە جۆرێکە لە پراکتیزەکردنی چالاکی و سیستم و پەیوەندی و کارلێك و بەها و ڕەوت و شێوازە ڕەفتارییە کۆمەڵایەتی و کولتورییە دواکەوتووەکان لەگەڵ بیرۆکەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەدا ناگونجێت، هەربۆیە ئەو جۆرە شوێنەواری زیاتری لە ڕوی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە جێهێشتووە(صابر، ١٩٧٩: ٩٠-٩١).

لەلایەکی دیکەوە نوسەر (مەساریع الراوی)، پێناسەی نەخوێندەواریی بەم شێوەیە کردووە و دەڵێت:" بە واتای بایەخنەدان بە بابەتێك و نەزانینی خوێندنەوە و نوسین دێت" (١٩٧٨ ،٣٢). هەروەها نوسەر( ئیبراهیم مەهدی الشبیل)یش بەشێوەیەکی گشتی پێناسەی نەخوێندەواریی کردووە و پێیوایە" نەزانینی خوێندنەوە و نوسین و هەندێك زانیاریی بنەڕەتیی گشتییە، نەخوێندەواریش بە کەسێك پێناسە دەکرێت، کە نازانێت یاخود لە خوێندنەوە و نوسین شارەزا نییە، ئەوەش زانیاریی بنەڕەتیی گشتیە"(١٩٧٨،ص٦٩)

بەشێوەیەکی گشتی، نەهێشتنی نەخوێندەواری بریتییە: لە فێرکردنی خوێندن و نوسین بۆ منداڵان و گەورە ساڵان، کە وازیان لە خوێندن هێناوە، یاخود نەچونەتە بەرخوێندن، لە پێناو دەرخستنی لێهاتوییی ئەو کەسانە و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیارییان، بۆ ئەوەی بتوانن لەو گۆڕانکاری و پێشهاتانە تێبگەن، کە لە دەوروبەریاندا ڕوودەدەن، لە ڕوی کۆمەڵایەتی و ئابوری و کولتورییەوە. هەر هاووڵاتییەك تەمەنی لە نێوان (١٥- ٤٥) ساڵی تێپەڕی نەکردبێت، خوێندنەوە و نوسین فێر نەبوبێت و نەگەیشتبێت بە پلەی شارستانی، ئەوا نەخوێندەوارە، بەو پێیە شارستانی بە واتای هاووڵاتییەك دێت، کە لە نوسین و خوێندنەوە و ژمێرەدا کارامە بێت، لەهەمانکاتیشدا کارامەییەکەی بوبێتە هۆی گەشەپێدانی پیشەکەی و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابوریی"(هاوکاری: ژ ٤٥٠، ١٩٧٨، ٥).

ڕێکخراوی جیهانیی یونسکۆ، بەجۆرێکی تر پێناسەی نەهێشتنی نەخوێندەواریی کردووە و پێیوایە بریتییە:" لە جۆرەکانی فێرکردن، پێشکەش بەگەورەکان دەکرێت، بەبێ ڕەچاوکردنی ئاست و شێوازی پێشکەشکردنەکەی، بەشێوەیەکی فەرمی یاخود نافەرمی بێت. ڕاهێنانی پیشەیی، زیاتر بۆ پەرەپێدانی توانا مەعریفی و پیشەییەکانە، توانای بەکارهێنانی خوێندنەوە و نوسین و ژماردنە، لەپێناو بەڕێوەبردنی کارەکانی بەشێوەیەکی دروست و کاریگەر"(عبدالله، ب.س، ٤-٥). لەم چوارچێوەیەدا چەمکی نەخوێندەواری پەرەی سەند و تەنها لە نەخوێندەواری ئەلفبێدا سنوردار نەبۆوە، بەڵکو بۆ چەندجۆرێك دابەشکرا وەك (نەخوێندەواریی کارایی، فیکری، کولتوری، زانستی، کۆمەڵایەتی، پیشەیی، شارستانی، تەکنەلۆژی) (حوکمی زاتی ، ١٩٧٨، ٤٣.).

### ٢. ٢ مێژوی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە جیهان بەگشتی و لە عێراق بەتایبەتی تا ساڵی١٩٦٧:

نەخوێندەواری، ترسناکترین کۆسپی بەردەم پێشکەوتنی لایەنی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییە لە هەر وڵاتێکدا. هاونیشتمانێکی نەخوێندەوار ناتوانێت بەشدارییەکی کاریگەری لە بنیادنانی کۆمەڵگادا هەبێت، کە سەرانسەری جیهان بە ڕێژەی جیاواز گیرۆدەی نەخوێندەواری بوبونەوە، بۆ دەستگرتن بەسەر ئەو بارە ئاڵۆزەدا، هەر وڵاتێک شێوە ستراتیژیەکی تایبەت بە خۆی بەرجەستە کردووە، کە لەگەڵ کۆمەڵگاکەیدا گونجاو بێت، لەپێناو نەهێشتنی نەخوێندەواریدا (حوکمی زاتی : ژ٤، ١٩٧٨، ٤٣). بۆ نمونە یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩١٩ بانگەشەی نەهێشتنی نەخوێندەواریی بۆ تەمەنی نێوان( ٨-٥٠ )کردووە، هەروەها ئەندەنوسیا لە ساڵی ١٩٦١ ئەو کەسانەی کە نەخوێندەوار بون و تەمەنیان لە نێوان( ١٣-٤٥ )ساڵ بون، یاسای نەهێشتنی نەخوێندەواریی لەسەر جێبەجێ کردن (شمس کوردستان :عدد٥١، ١٩٧٨، ٢٢). سەرەڕای ئەوەی لە وڵاتانی جیهانی سێیەم ڕێژەی نەخوێندەواری ٧٥% ی تێپەڕاندبو، هاوکات داگیرکردنیان لەلایەن وڵاتە زلهێزەکانەوە ڕەنگدانەوەی خۆی لەسەر سەرنەکەوتنی هەوڵی نەهێشتنی نەخوێندەواری هەبو (هاوکاری: ژ٣٨٥، ١٩٧٧، ٢).

بەپێی سەرژمێرییە فەرمییەکانی ساڵی ١٩٦٠ی ڕێکخراوی یونسکۆ، لە وڵاتە تازەگەشەسەندووەکاندا، ژمارەی ئەو کەسانەی نەخوێندەوارن و تەمەنیان لەسەروی ١٥ ساڵەوەیە گەیشتبوە٣٠% ، لەلایەکی دیکەوە لە وڵاتانی وەك (ئەفریقا و وڵاتە عەرەبییەکان) ڕێژەکە بەرەو هەڵکشانی زیاتر بوبۆوە کە نزیکەی ٨١% بو (المعلم الجدید، د.ت، ٨٠-٨١)، هەروەها لە وڵاتە دواکەوتووەکانی ئاسیا و ئەمریکای لاتینیش ڕێژەکەی بەم شێوەیە بو: ڕێژەی ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە نێوان (١٠-١٤) ساڵی بون، ٤٦٪ بو، ئەوانەی تەمەنیشیان لە نێوان (١٥-١٩)ساڵی بون،

٦٤% نەخوێندەوار بون(هاوکاری:ژ٤٥٠، ١٩٧٨، 5)، بەشێوەیەکی گشتی ساڵانە ئەو ڕێژەیە بەرەو زیادبون ڕۆشتووە، بەهۆی زۆربونی ژمارەی دانیشتوانەوە، ئەوەتا لە ساڵی ١٩٦٢ ڕێژەی نەخوێندەواری لە وڵاتانی تازەگەشەسەندو لەلایەن ڕێکخراوی یونسکۆوە بە ٧٠٠ ملیون کەس خەملێنـدراوە (شمس کوردستان :عدد٥١، ١٩٧٨، ٢١).

هەر بۆیە ڕێکخراوی یونسکۆ پرۆژەیەکی لە ١٢ دەوڵەتی جیهاندا تاقیکردەوە، لەناویاندا چەند وڵاتێکی عەرەبی بون، کە پێشتر بۆ خۆیان چەند هەنگاوێکیان لەپێناو نەهێشتنی نەخوێندەواریدا نابو. بۆ ئەم مەبەستە لەساڵی ١٩٥٢ مەڵبەندێکی پەروەردەیی بنچینەیی لە میسر کرایەوە، پاشان لە ساڵی ١٩٦٦ دەزگای ئیقلیمی عەرەبی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری کرایەوە و لە ساڵی ١٩٧٢ ئەنجومەنێکی نەتەوایەتی لە سودان دامەزرا، تا لەو ڕێگەیەوە بتوانێت لە ماوەی ٦ ساڵدا نەخوێندەواری نەهێڵێت. لە ساڵی ١٩٧٣ هەڵمەتێکی تری نەهێشتنی نەخوێندەواری لە سۆماڵ دەستپێکرد، لە وڵاتی یەمەنیش پلانێکی ٥ساڵی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری دانرا، لە ساڵی ١٩٧٦ یش دو مەڵبەندی تر لە وڵاتانی بەحرەین و لیبیا کرانەوە ، سەرەڕای ئەوەش ژمارەیەك مەڵبەندی لێکۆڵینەوە لە وڵاتانی (عێراق، سعودیە، کوێت، قەتەر و جەزائیر) کرانەوە (هاوکاری: ژ ٤٥٩، ١٩٧٩، ٥.)

وەك ئاشکرایە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە تا سەرەتای سەدەی بیست، سروشتی کۆمەڵگەی عێراقی، تەواو مۆرکێکی عەشیرەتگەریی پێوە دیاربو؛ گشت جومگەکانی دەوڵەت لاواز بوون (Abdulsamad, 2025,Vol:8,174)، لە ڕوی خوێندن و خوێندەوارییەوە، بەهۆی بایەخنەدانی دەسەڵاتداران بەو بوارە، زۆر دواکەوتو بو؛ بەڕادەیەك ژمارەی خوێندنگاکان لە ئاستی خواست و داواکاری خەڵکدا نەبوە و خوێندن و فێرکردن لە سەردەمی عوسمانییەکاندا گرنگیی زۆری پێ نەدراوە، ئەگەر قوتابخانەیەکیش کرابێتەوە زیاتر بۆ خزمەتی دەوڵەتی عوسمانی و زمانی تورکی بوە، کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر سەرجەم ناوچەکاندا هەبوە، لە ئەنجامدا ژمارەی نەخوێندەواران لە عێراقدا لە هەڵکشاندابون، بە تایبەتی قوتابخانەی کچان؛ لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی گرنگیی پێنەدراوە، تا کۆتایی سەدەی نۆزدەش لە ویلایەتەکانی ( بەغدا، بەسرە و موسڵ)، قوتابخانەی کچان نەکراوەتەوە(محمد: ٢٠٢١، ١١)، لەم چوارچێوەیەدا هەمو خەڵکی تواناى خوێندنیان نەبوە و بەشێکی زۆری قوتابخانەکان تایبەت بون بە کەسانی دەوڵەمەند و خانەدان (هاوکاری :ژ ٤٤٠، ١٩٧٨، ٤).

دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن بەریتانییەکانەوە، پەروەردە و فێرکردن تاڕادەیەك گۆڕانکاریی بەخۆوە بینیوە؛ لە ڕووی کردنەوەی قوتابخانەی تایبەت و بیانی و زمانی خوێندن و خەرجیی خوێندن(محمد: العدد2، 2014)، بەتایبەتی لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراق 1921و بڕیاردان لە ئینتیدابی بەریتانیا بەسەر ناوچەکەدا ڕەوشی خوێندن لە بارێکی ئاساییدا نەبو؛ ڕێژەی نەخوێندەواری زیاتر بو، لە خوێندنی سەرەتایی جیاوازیی تێدا بەدی دەکرا، سەرەڕای بەگەڕنەخستنی ئەو پرۆژانەی کە داهاتی وڵات بەرەو زیادبون دەبات، تا لەو ڕێگەیەوە دوبارە لە خزمەتی پەروەردەدا بەکاربهێنرێتەوە ، هەر بۆ ئەم مەبەستە (دکتۆر مەتی عەقراوی)[1] پێیوایە:" هۆکاری ئەو جیاوازییەی لە خوێندنی سەرەتایی هەیە، زیاتر بۆ لایەنی هەژاری و فەرامۆشکردن و گرنگینەدان بەپرۆسەی خوێندن بەزۆری حکومەت لێی بەرپرسیارە! سەرەڕای لایەنی کۆمەڵایەتی و تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ پرسی پەروەردەوفێرکردن و گرفتی پرۆگرام و کتێبی خوێندن هەبوە" (الهلالی: ٢٠٠٠،ص١٠٨) .

بەشێوەیەکی گشتی لە نێوان ساڵی( ١٩٢٠-١٩٢١) ژمارەی قوتابییانی سەرەتایی لە عێراقدا (٨) هەزار قوتابی بوە(هاوکاری: ژ ٣٠٤، ١٩٧٦ ،ل٨)، بۆ ئەم مەبەستە لە لیوای سلێمانی تەنها ٣ قوتابخانە هەبوە(محمد: ٢٠٢١،ل٢٢). ئەم ڕێژەیە بۆ ساڵانی دواتر بەرەو زیادبون ڕۆشتووە، بەڵام نەتوانراوە خواستی هاووڵاتیان بەدیبهێنرێت؛ لە ساڵی (١٩٣١-١٩٣٢) لە کوردستان، (٢٨٢) قوتابخانەی سەرەتایی کوڕان هەبوە، بەم هۆیەوە ( ٢٨٩٨٧) قوتابی لە خوێندن بەردەوام بون، لەو ژمارەیە لە لیوای سلێمانی (١٤) قوتابخانە و (٧٢٩) قوتابی هەبوە. بە بەراوردکرنی بە ویلایەتەکانی تر ڕێژەکە کەمترە، هەرچی قوتابخانەی کچانە لەو مێژووەدا ٢٧ قوتابخانە و ٤٠٥١ قوتابی و ١٥٢ مامۆستا لە پرۆسەی خوێندن بەردەوام بون، لەو ژمارەیە تەنها ١ قوتابخانە و ١١٩ قوتابی و ٢ مامۆستا لە سلێمانی بون (الهلالی: ٢٠٠٠، ص١١٦-١١٨.)،

ئامارەکان دەرخەری ئەو ڕاستییەن گرفتی بەردەم پرۆسەی خوێندن بەتەواوی چارەسەرنەکراوە، لە ئەنجامدا ڕێژەی نەخوێندەواری لە هەڵکشاندابوە لە تەواوی لیواکانی عێراق ئەو بارودۆخە پاڵنەری سەرەکی بوە، هەربۆیە (مەتی عەقراوی) پرۆژەیەکی پەروەردەی ناچاری لە عێراق پێشکەش دەکات، کە بە یەکەم لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لەسەر پرسی خوێندن بۆ ساڵی ١٩٣٧ دادەنرێت. ئەو پرۆژەیە هەوڵێك بوە بۆ چاکسازی و شیکردنەوەی سیستەمی پەروەردە. دروستکردنی هەلومەرجی گونجاو بۆ سەرکەوتنی پرۆژەکە، لە ڕێگای زیادکردنی ژمارەی قوتابخانە و مامۆستا و خەرجییە پەروەردەییەکانەوە دەبێت، بۆ ماوەی ٣٠ ساڵی داهاتوو، بەو مەرجەی وەزارەتەکانی دەوڵەت هاوکارین. بەردەوامبونی پەروەردەی ناچاری، هاوشانی سەربازیی ناچاری دەوەستێتەوە، لە هەنگاوی یەکەمدا لەقۆناغی سەرەتاییدا پرۆژەکە بۆ ماوەی ١٠ ساڵ جێبەجێبکرێت(عقراوی، ١٩٣٨،ص١٣٦).

ئەوەی جێگەی باسە، کەمیی قوتابخانە سەرەتاییەکان و جیاکردنەوەی خوێندنی کوڕان وکچان و کەمیی ژمارەی مامۆستا و لایەنە کۆمەڵایەتییەکەی، لە ساڵی ١٩٤٠ ڕێگر بون لەبەردەم کەمکردنەوەی نەخوێندەواری، ئەوەتا لە تەواوی پارێزگای سلێمانی جگە لە مەڵبەندەکەی تەنها ٥٨ قوتابیی پۆلی شەشەمی سەرەتایی هەبوە، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی ناوچەی زانیاریی سلێمانی نامەیەك ئاراستەی (شێخ لەتیف)ی کوڕی شێخ مەحمود کراوە، تێیدا دابەشکاریی قوتابییان و مامۆستایان کرابون، بۆ نمونە ژمارەی قوتابییان لە (بەرزنجە ١١، پێنجوێن ٦، هەڵەبجە ١٦، تەوێڵە ٥، سورداش٤، قەرەداغ ١٦ )بوە، هەریەك لەو ناوچانە تەنها ١ مامۆستای بۆ دانرابو، کە سەرجەمیان ٦ مامۆستا بون. ئامارەکە ئەو بەڵگەیە دەخاتەڕو، کە لە ناوچە دورەدەستەکاندا نەتوانراوە، وەك پێویست، ئاوڕ لە کەرتی پەروەردە بدرێتەوە، لەئەنجامدا ڕێژەی نەخوێندەواری بە ئاراستەی جیاواز دەڕۆشت (هاوکاری: ژ٤٢٨، ١٩٧٩، ل٥).

وەزارەتی مەعاریف(پەروەردە) لە تەواوی عێراقدا، لە نێوان ساڵانی( ١٩٣٩-١٩٤٠)، توانیویەتی ٩٧١٤ نەخوێندەوار فێری خوێندەواری بکەن. لە کاتی بەردەوامیی جەنگی دووەمی جیهانیدا، تێکچونی بارودۆخی سیاسیی عێراق، توانرا ١٤٩٨ کەس فێری خوێندن بکرێن. چالاکیی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە عێراقدا بەردەوام بو؛ لە ساڵەکانی (١٩٥٥-١٩٥٦) بەراورد بە ساڵانی پێشتر ژمارەی ئەو کەسانەی فێری خوێندەواری کرابون تا ڕادەیەك زیاتر بو لە ٣٤٦٩١ کەس. بێگومان هەوڵەکان

بەردەوام بون بە ئامانجی کەمکردنەوەی نەخوێندەواری، هەربۆیە لە ناوچەی دوجەیل مەڵبەندی پەروەردەی بنەڕەت دامەزرا، پاشـــان ئامۆژگای پەروەردەی بنەڕەت لە ئەبوغرێب دامەزرا، لەپێناو زاڵبون بەسەر نەخوێندەواریدا. دواتر سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧ ئەو ڕاســتییەی دەرخســـت، کە ڕێژەی نەخوێندەواران بۆ ئەوکەســـانەی تەمەنیان لە سـەروی ١٠ سـاڵەوە بو، ٨٢٪ بو، ئەو ڕێژەیەش بۆ ئەوکات جێگای نیگەرانیی وەزارەتی مەعـاریف(پـەروەردە) بو (الثقافـة الجـديـدة : عـدد ٤٣، ١٩٧٢،ص٤٥)، هاوکات ڕێژەی خوێندنی ڕەگەزی مێ لە هەمان ســاڵدا ٢٤٪ تێپەڕی نەکردبو (هاوکاری:ژ٢٩٣، ١٩٧٥، ل4). لە دوای شـۆڕشی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ و کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی پادشایەتی، کە گۆڕانکارییەك بو بۆ کۆمەڵگای عێراقی، خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان بە شـێوەیەکی بەرچاو لە گەشـەسـەندندا بو؛ ژمارەی ئەو کەســانەی فێری خوێندەواری کرابون لە هەڵکشــاندا بو کە ٥٦٢٧٤ کەس بون (شەریف،١٩٧٩: ٤٣)

بەپێی ئامارە سەرەتاییەکانی ساڵی ١٩٦٠- ١٩٦١، بارودۆخی خوێندنی سەرەتایی لە عێراق، لە ئاسـتێکی دڵخۆشـکەردا نەبو، کە بتوانرێت نەهێشـتنی نەخوێندەواری کۆتایی پێبهێنرێت؛ لە هەر هەزار کەســێکدا لە دانیشــتوانی عێراق ١١٢ قوتابیی سەرەتایی لە خوێندن بەردەوام بو، کە خەرجیی هەر قوتابییەك هەژدە دینار و حەوت ســەد و پەنجا فلس بو، ئەو خەرجییە لە توانای خێزانەکانی ئەو کاتەدا نەبوە بۆ منداڵەکانیـان دابین بکەن، لە ئـاکـامـدا نەخوێنـدەواری لە نێو هـاووڵاتیـانـدا بەردەوام بو(پەروەردەوزانســـت: ژ٣، ١٩٧١ ،ل٦٣-٦٤). دوای ئەو لێکۆڵینەوانەی لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوی یونســـکۆ ئەنجـامـدرا، دەرکەوت ڕێژەی نەخوێندەواری بۆتە مەترسی بۆ پێشـکەوتنی لایەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی، هەر بۆیە لەو پێناوەدا ئەو وڵاتانەی لە ڕیزی پێشکەوتنی بواری خوێندندا بون، کەوتنە خۆیان بۆ دانانی نەخشـەڕێگایەك بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری؛ بۆ ئەو مەبەسـتە ژمارەیەك کۆنگرە بەســترا، لە ســاڵی ١٩٤٩ ئەلزار نور لە دانیمارك، لە ســاڵی ١٩٦٠مونتریال لەکەنەدا، ساڵی١٩٦٥ لە تاران ،ساڵی ١٩٦٩ لە ڕۆما، توکیو ساڵی ١٩٧٢، نیروبی ١٩٧٦، بەم شــێوەیە هەوڵە جیهانییەکان بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری بەردەوامبو، لە ئاکامدا وڵاتە عەرەبییەکانیش بڕیاری بەســتنی چەند کۆنگرەیەکیان دا، لەوانە کۆنگرەی شاری ئەسکەندەریەی وڵاتی میسر، کە لە مانگی تشرــینی یەکەمی ســاڵی ١٩٦٤بەســترا، بە یەکەمین کۆنگرەی ڕێکخســتن و نەخشــەدانانی بەرنامەی نەهێشــتنی نەخوێندەواری لە وڵاتانی عەرەبی دادەنرێت. (السعيدى و محمد: ١٩٧٨،ص٢٣-٢٤).

ئەوەی جێگەی ســەرنجە، عێراق بەلێکۆڵینەوەیەك بەشــداربو لەو کۆنگرەیەی وڵاتی میسرـ لەژێر ناونیشـانی (هەوڵی نیشـتمانی بە تێکڕایی بۆ نەهێشـتنی نەخوێندەواری)، دواتر کۆمەڵێك ڕاسـپاردەی خسـتەڕو بۆ خزمەتی نەهێشـتنی نەخوێندەواری، بەڵام ئەنجامێکی چاوەڕوانکراوی بەدەســتنەهێنا، هەســتیاری و بایەخی نەهێشـــتنی نەخوێندەواری لە ئاســتێکی وانەبو، پاشــان لە ســاڵی ١٩٦٥ کۆنگرەیەکی جیهانیی تایبەت بۆ نەهێشـتنی نەخوێندەواری بەسـترا ، عێراق یەکێك بو لە وڵاتانی بەشـدار، لەوێدا بڕیاری دیاریکردنی ٨ی ئەیلولی هەمو سـاڵێك وەك ڕۆژی جیهانیی نەهێشـتنی نەخوێندەواری دیاریکرا(دەسـتنوسـێکی بڵاونەکراوەی مامۆسـتا عبدولکەریم) ، بەڵام (کۆمکاری عـەرەبی) ڕۆژی ٨ ی کانونی دووەمی کردە ڕۆژی جیهـانیی نەهێشـــتنی نەخوێندەواری(هاوکاری: ژ٣٨٥، ١٩٧٧/٩/١٤ ،ل٢). پێویســـت بو لەســـەر دەوڵەت پلانەکانی لەناوبردنی نەخوێندەواری بەجۆرێك دابڕێژێت کە لەگەڵ نەخشەی سـیاسی و ئابوریی وڵاتدا بگونجێت. عێراق بۆسـەرخسـتنی پرۆژەیەکی لەو شـێوەیە، پێویسـتی بە ئابورییەکی سەقامگیر هەیە لە سەرانسەری وڵاتدا دەبێتە یەکلاکەرەوەی گرنگیدان بە پەروەردە و زانســـت، بەپێی ســـەرژمێریی ســـاڵی ١٩٦٥ ژمارەی دانیشـــتوانی عێراق (٢٥٧, ٥,١٩١) کەس بون، لەو ژمـارەیە(٠٠٠, ٦١٢, ٣ )هاووڵاتی نەخوێندەوار بون لە هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ، کە زیاتر لە تەمەنی ١٠ ســـاڵ بەرەوژور بو(شمس کوردســـتان :عدد٥١، ايلول،١٩٧٨،ص٢١-٢٦). هەوڵەکان لە ڕوی خەرجی و دابینکردنی پێداویستییەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە ماوەی ٤٠ ســـاڵی ڕابردودا بەردەوام بو، بۆ نمونە لە (١٩٥٦-١٩٦٦ ) لە تەواوی عێراقدا (١،٤٨٠،٠٨٠) دینار، بە مەبەسـتی نەهێشـتنی نەخوێندەواری خەرجکراوە؛ توانرا بو لە ماوەی ئەو دە ســـاڵەدا (٣،٣٧٥،٠٨) هاووڵاتی فێری خوێندەواری بکرێن، هەرچەندە ئەو فێرخوازانە ســـەرجەمیان لە خوێندن بەردەوام نەبون، لەگەڵ ئەوەشـــدا بڕوانامەی دەرچونیان بەدەســـتنەهێناوە (المجلس المحلى لمحو الامية مكتب السكرتارية ، ١٩٧٨/٧/٢٢) .

## ٣. هەڵمەتی نەهێشتنی پرۆسەی نەخوێندەواری لە سلێمانی لە نێوان ساڵانی ( ١٩٦٨-١٩٧٧):

ئاڵۆزیی سیاسی و تێکچونی بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتیی عێراق، سەرەڕای بونی کێشـەی سـیاسی لە ناوچەکانی باشـور و باکور، بۆتە دەرخسـتنی لاوازی حکومەتی ئەوکاتەی عێراق، هەرچەندە بەعسـییەکان لەدەسـەڵاتی سـیاسی دورخرابونەوە، لە ئاکامدا توانییان لە ڕێگای کودەتایەکی سەربازییەوە، کە بە کودەتای سپی ناسراوە، بۆ جاری دووەم لە ١٧ی تەموزی ١٩٦٨جڵەوی دەسـەڵات بگرنەوە دەسـت، ئەحمەد حەسـەن بەکر بە سـەرۆك کۆمار دانرا( مستەفا: ٢٠٠٧ ،ل١٩٦-١٩٧). حکومەتی نوێ لە پاڵپشــتیکردنی نەهێشــتنی نەخوێندەواری بەردەوام بو، ماوەی ١٥ ســاڵ دیاریکرابو بۆ ڕیشەکێشکردنی نەخوێندەواری لە تەواوی عێراقدا، هەربۆیە بەردەوام لە هەوڵی دابینکردنی پێداویســتییەکانی ئەو پرۆژەیەدا بون. ســاڵی ١٩٦٩ لە تەواوی عێراق ٢٩% قوتابیی کچ لە قۆناغی ســەرەتایی لە خوێندن بەردەوامبون (حمدون، ١٩٧٢ ،ص٤٦)، بەناچاری بەپێی نەخشــەیەکی پلانی پێشــوەختە، دەســت بە هەڵمەتی نەهێشــتنی نەخوێندەواری کرا، مەڵبەندی پرۆژەکە لە زۆرینەی ناوچەکاندا کرایەوە، لەهەمان کاتدا مامۆســتا و ڕێکخەر لە مەڵبەندەکاندا دانرابون، نوسراوی فەرمی ئـاراســتەی دامودەزگـاکانی وڵات کرا، بۆ ناردنی ســەرجەم ناوی ئەو موچەخۆرانەی کە خوێندەوارییان نییە، دواتر ناردنیان بۆ مەڵبەندەکان و ناونوسکردنیان لەو مەڵبەندانە(کاکەڕەش، نەهێشــتنی نەخوێندەواری (هـاوکاری ژ ٢٨٤، ١٢-١٩٧٥/٩/١٩)، پاشان لە ساڵی ١٩٦٩ وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن پلانی دانا بۆ ســەرلەنوێ کردنەوەی بنکەکانی نەخوێندەواری(مديرية التربية،العدد ١٨٤٣٨ في ١٩٦٩/٨/٣١). وەك دیارە لە نێوان سـاڵانی (١٩٦٨ -١٩٦٩) ژمارەی فێرخوازانی قەلاچۆکردنی نەخوێنـدەواری (١٤،٧٤٠) فێرخواز لە ٢٥٥ بنکەی نەهێشــتنی نەخوێنـدەواری بەردەوامبون (هـاوکاری : ژ٤٤٠، ١٩٧٨/٩/١١ ،ل٤). پێهانوایـە لایەنی جوگرافی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ئـابوری و ســیـاسی هۆکارن بۆ سەرهەڵدان و بڵاوبونەوەی نەخوێندەواری بە ڕێژەیەکی بەرچاو، کە بەسەدان منداڵ لەو خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییە لە شار و شـارۆچکە و گوندەکانی کوردستانی باشور بێبەش کرابون، بۆیە ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییەش لە هەرکۆمەڵگایەکدا، ســەرهەڵدان و

مانەوەی بەچەندین هۆكار و بارودۆخی مێژووییەوە بەندە، ئێمەش لێرەدا هەندێكیان دەخەینەڕو:-

### ٣. ١ هۆكارەكانی زۆربی نەخوێندەواری:

**أ- هۆكاری جوگرافیا:** سەختی و دووریی ژمارەیەك لە دێهاتەكانی باشوری كوردستان، كە نەدەتوانرا بە ئاسانی هاتوچۆیان تێدا بكرێت و خوێندن لە گوندەكاندا دەستەبەر بكرێت، بەردەوامیدان بەو دۆخە بۆتە هۆی زیادبونی كەسانی نەخوێندەوار، خەڵكی گوندەكان دوبەش بون، هەندێكیان خەریكی كشتوكاڵكردن بون و بەهۆی سیستەمی دەرەبەگایەتیی باوی ئەوكات، ڕێگربون لە فێركردنی كەسانی كەمدەرامەت. گەشەكردنی خوێندن لەناو منداڵانی جوتیار ئاستێكی نزمی تۆماركردووە بە بەراورد لەگەڵ منداڵانی شارەكاندا، سەرەڕای ئەوەی لەدەمێكی دواتر لە شارەكان قوتابخانەی تێدا كرابۆوە، ئەمەش بۆخۆی كاریكردۆتە سەر پرۆسەی فێركردنی خوێندن و خوێندەواری، لە چینە باوەكانی ئەوكات زۆرینەی خێزانەكان باوەڕیان وابو چونەقوتابخانە منداڵ لە دین دوردەخاتەوە، چەندی پێیان كرابێت منداڵەكانیان لە خوێندن بەدورگرتووە، هەندێكیشیان لە خەڵكی گوندەكان كۆچەری بون، بەردەوام بارگەوبنەیان لەكۆچدابو، بەبیریاندا نەهاتبو منداڵەكانیان بخەنە بەر خوێندن (هاوكاری: ژ٢٨٧، ١٩٧٥/١٠/٣،ل٨ ؛ هاوكاری، ژ٢٧٦، ١٨-١٩٧٥/٧/٢٥). یەكێك لەو كەسانەی لەو ماوەیەدا ژیاوە و شایەتی بۆ ئەو بابەتە دەدات بەناوی(حاجی قادر) دەڵێت:"جارێكیان نوسراوێك بۆ دێیەكەمان هاتبو، منیش زۆر بە جوانی بۆ خەڵكەكەم خوێندنەوە لەبەرئەوەی كەمێك خوێندەواریم هەبو، لەناو خەڵك وا بڵاوبوبۆوە پێیان وتم قادر فێری عیلمی شەیتان بووە" (چاوپێكەوتن لەگەڵ حاجی قادر، ٢٠٢٥/٤/٢٠).

**ب- كۆمەڵایەتی:** دابونەریتە كۆمەڵایەتییەكان لە تەواوی كوردستاندا ڕێگر بون لە خوێندنی ڕەگەزی مێینە و بێبەشكردنیان لە خوێندن، هەر زو دەخرانە ژێر بەربرسیارێتیی خێزانداریەوە؛ لەو پرۆسەیە دوردەكەوتنەوە. بەو شێوەیە بەرزبونەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری لەناویاندا ئاستێكی پێوانەیی تۆمار كردبو، سەرەڕای ئەوەی ڕێگرییان لێدەكردن بۆ كاركردن، گەر كچێك لەو گوند و دێهاتانە بچوایەتە بەر خوێندن، ئەوا تەنها تاكو پۆلی دو یاخود سێ لە خوێندن بەردەوام دەبون. (هاوكاری: ژ٢٩٠، ١٩٧٥/١٠/٧-٣١،ل٨).

**ج- پەروەردەیی:** ژمارەی قوتابخانە لە شارۆچكە و ناحیە و گوندەكاندا زۆر كەم بووە، جگە لەوەش زۆر سەخت بو قوتابی، لەپێناو بەردەوامیدان بە خوێندن، لە گوندێكەوە بۆ گوندێكی هاوشێوە بچێت، هەربۆیە بەناچاری خوێندنیان بەجێهێشتووە. نەبونی مامۆستای پسپۆڕ لەو یەكە كارگێڕییانە، بۆتە جێگای سەرنج، لە كاتێكدا زۆربەی بابەتەكانی خوێندن پێویستیان بەو جۆرە مامۆستایانە هەبوە. سەرەڕای گرفتی كارەبا یاخود ڕوناككردنەوە لەو ناوچانە، وەك پێویست كارەبا نەگەیشتبوە زۆرینەی گوندەكان؛ لەو پێناوەشدا ئەندامانی یەكێتیی مامۆستایانی كوردستان سەردانی (سەعید باقی) وەزیری پەروەردەی عێراقیان كردبو، داواكاربون قوتابخانەی زیاتر لە كوردستان بكرێتەوە و مامۆستا و كەرەسەی پەروەردەیان بۆ دابین بكرێت، لەپێناو كەمكردنەوەی نەخوێندەواری(هاوكاری: ژ٤٤ ،١٩٧٠، ل٥). سەرەڕای ئەوەش قوتابخانە سەرەتاییەكانی پارێزگای سلێمانی، زۆرینەیان مەرجەكانی خوێندنیان تێدا بەدی نەكرابو، بۆ خوێندن گونجاو نەبون، سەرەڕای كەمتەرخەمی لە بواری خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆ قوتابییانی سەرەتایی ئەو پارێزگایە و بڵاوبونەوەی چەندەها نەخۆشی لەنێو قوتابییانی گوندەكان؛ وەك كەمخوێنی و تەراخومای چاو و تێكچونی پێست و لەرزوتا، هەربۆیە ناچاردەبون پۆلەكانی خوێندن بەجێبهێڵن، بەو شێوەیە ڕێژەی نەخوێندەواری زیاتر بووە و جێگای مەترسی بووە(بیری نوێ: ژ ١٧٥، ١٩٧٦،ل٣).

**د- ئابوری:** هەژاری و نزمیی ئاستی ئابوری، گرفتی سەرەكیی تاكی كۆمەڵگایە لە هەرسەردەمێكدا بێت، نزمیی ڕادەی ژیان و كەمیی دەستكەوت، بەرزیی ڕادەی بێكاری، كاریكردبوە سەر بەردەوامبونی خوێندن. منداڵان، هاوشانی خێزانەكانیان، زیاتر بەكاركردنەوە خەریك بون لەپێناو دابینكردنی ژیانی ڕۆژانەیاندا. نەتوانینی دابینكردنی پێداویستیی قوتابییان لەلایەن خێزانەكانەوە، وایكردبو قوتابییان بۆ خوێندن و خوێندەواری بەپەرۆش نەبن. هەربۆیە تا دەهات كێشەكە لەناو كۆمەڵگای كوردیدا ڕونتر دەردەكەوت، لەبەرئەوە نەهێشتنی نەخوێندەواری ئەركی سەرشانی سەرجەم چین و توێژە كۆمەڵایەتییەكانی كۆمەڵگایە؛ پێویستە تاكی خاوەن ئەزمون لە هاندانی بەشداریكردنی فێركردنی هاوولاتیان و ڕزگاركردنیان لە نەخوێندەواری، بەردەوام بێت.

### ٣. ٢ چارەسەری نەهێشتنی نەخوێندەواری:

نەهێشتنی نەخوێندەواری لە باشوری كوردستان بە گشتی و سلێمانی بە تایبەتی، پێویستی بە لابردنی بەربەستەكانی نەهێشتنی نەخوێندەواری هەبو، ئەمەش خۆی لە ئامادەكردنی زیاتری مامۆستایان بۆ لادێ و شارەكان دەبینییەوە، لەگەڵ گرنگیدان بە خانەی مامۆستایان و پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان، ئامادەكردنی پێداویستییەكانی نیشتەجێبونی مامۆستایان، بە دروستكردنی بینای تایبەت بۆ شوێنی مانەوەیان، سەرەڕای كردنەوەی زیاتری قوتابخانەی سەرەتایی، كە بۆ خوێندنی قوتابییان گونجاوبێت، لە هەمانكاتدا سەرجەم قوتابخانە كۆنەكانیش نۆژەن بكرێنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا خواردن و جلوبەرگ بەسەر قوتابییانی سەرەتاییدا دابەشبكرێت، تا لایەنی ئابوری ڕێگر نەبێت لە چونیان بۆ خوێندن، هەروەها كردنەوەی مەڵبەندی تەندروستیی تایبەت بەو قۆناغە و ڕەوینەوەی تەنگەژە تەندروستییەكان لای خێزانی قوتابییان(بیری نوێ: ژ ١٧٥، ١٩٧٦،ل٧). گومانی تێدا نییە كە پێویستە بودجەی زیاتر بۆ ئەو بوارە تەرخان بكرێت و بڵاوكراوەی تایبەت بە نەهێشتنی نەخوێندەواری دەربكرێت، تا لەو ڕێگەیەوە هاوولاتییان هۆشیاربكرێنەوە(بیری نوێ:ژ١٧٤، ١٩٧٦/١/١٧،ل٣)، پاشان بڕیاردان بۆ كردنەوەی مەڵبەندەكانی نەهێشتنی نەخوێندەواری لەو ناوچانەی، بە هەربیانویەك بێت، مەڵبەندی تێدا نەكراوەتەوە، جگە لەوە پێویستە سود لە توانای قوتابییان وەربگیرێت بۆ ئەوەی بە كۆمەڵانی خەڵك ئاشنا بن و گرنگیی خوێندەواری خراوەتە ڕوو بۆ خەڵكانی نەخوێندەوار جێبەجێكردنی ڕژێمی فێركردنی سەرەتایی بەزۆر لە قۆناغی سەرەتایی(بیری نوێ:ژ١٦٩، ١٩٧٥/١٢/٦،ل٨).

### ٣. ٣ دەرچونی یاسای نەهێشتنی نەخوێندەواری:

لە ساڵی ١٩٦٣ شەشەم كۆنگرەی نەتەوەیی ئەنجامدرا، ئەوكات پەروەردەی عێراقی بە پەروەردەیەكی سۆشیالیستی دەستنیشانكرا، ئامانجی ئەم كۆنگرەیە نەهێشتنی نەخوێندەواری بو، لە ساڵی ١٩٦٥ ڕێژەی نەخوێندەواری بۆ ٦٧% كەمبۆوە (ڕۆشنبیری نوێ: ژ٦٧، نیسان-مایس- ١٩٧٨،ل٦)، پاشان سیستەمی قوتابخانە سەرەتاییەكان بە یاسای ژمارە (٦٣) لە ساڵی ١٩٦٨ دەرچو، لە ١١بەش و ٧٨ ماددە پێكهاتبو. بەپێی یاساكە خوێندن بۆ ئەو قۆناغە بەخۆڕاییە، پاشان لە مادەی ٥ی یاساكەدا هاتووە، وەزارەتی پەروەردە كتێب و پێداویستیی خوێندن بەخۆڕایی بەسەر قوتابییاندا دابەشدەكات. لەگەڵ دەرچونی ئەو یاسایەش نەتوانرا هەمو

هاووڵاتیان خوێندەوار بکرێن، نەخوێندەواری وەك کێشـەیەکی درێژکراوەی سەردەمەکانی پێشو هەر بەردەوام بو، جارێکی تر لە ساڵی ١٩٦٩ وەزارەتی پەروەردە دوبارە پلانی بۆ کردنەوەی بنکەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە ناوچە کانی کوردستان دارشت، لیژنەی چالاکیی نەهێشتنی نەخوێندەواری پێکهێنرا (صدیق: ٢٠١٩. ل١٦٦)و بڕیاردرا هەر گوندێك ٣٠ ماڵ زیاتری تێدا نیشتەجێ بێت قوتابخانەی بۆ بکرێتەوە، بە هاوکاریی دانیشتوانەکەی(هاوکاری: ژ٤١، ١٩٧٠/١٠/١٧). هاوکات لە دەستوری کاتیی کۆماری عێراق ساڵی ١٩٧٠ لە بەندی ٢٧ دا دەوڵەتی بە قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری ناچارکردووە. هەوڵەکان بەو ئاراستەیە بەردەوامبون، پاش دەرچونی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠، لە ئاکامی بڵاوبونەوەی هێمنی و ئاسایش لە ناوچەکەدا، بارودۆخی خوێندن و خوێندەواری لە سلێمانی گۆڕانکاریی بەخۆوە بینی؛ لەو بارەیەوە بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی (سامی حسین نازم) ئاماژەی بەوە کرد:"کە ٨٠ قوتابخانە لەپێشتر داخرابون لەبەر بارودۆخی نائارامی لە ناوچە کوردییەکاندا سەرلەنوێ دەرگایان بەڕوی خوێندکاراندا کردەوە، بەوەش ئاشتبونەوەیەکی کاتی لە نێوان هاووڵاتی و قوتابخانەدا هاتەئاراوە" (صدیق: ٢٠١٩،ل١٦٦).

دوای دەرکردنی یاسای ژمارە ١٥٣ی ساڵی ١٩٧١، بە مەبەستی نەهێشتنی نەخوێندەواری، بەپێی یاساکە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بۆ قۆناغی سەرەتایی دانرا[2]، تا لەو ڕێگەیەوە ئاستی زانستیی قوتابییان و لایەنی پەروەردەییان بزانرێت (شەریف: ب.س.چ،ل١٠)، هەوڵەکانی حکومەتی ئەوکاتی عێراق لەپێناو نەهێشتنی نەخوێندەواری بەردەوام بو، بەڵام لەگەڵ ئەو هەوڵانەش دانیشتوانی ناحیەی ئاغجەلەر ساڵی ١٩٧٢ داوای کردنەوەی قوتابخانەیان کردووە، سەرەڕای ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٢ یاسای نەهێشتنی نەخوێندەواریی ژمارە ٣ دەرچوبو، کە یاساکە هەنگاوێکی سەرەتایی بو بۆ کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتییەك لە هەمان ساڵدا بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری لە تەواوی عێراقدا(صدیق: ٢٠١٩،ل١٦٦). لە پێناو وریاکردنەوەی دانیشتوان لە مەترسییەکانی نەخوێندەواری، توانییان سود لە دەزگا ئاینییەکان و مزگەوتەکان وەربگرن؛ لە ڕێگای وتاری هەینی و شەوانی مانگی ڕەمەزان و ڕێوڕەسمە ئاینییەکان (دليل دورة كوادر محوالامیةللفترة من ١٩٧٢/٧/١٧لغاية١٩٧٢/١٠/١٧، ص٨).

بەم شێوازە ٢٦٣٩ مەڵبەندی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە تەواوی عێراق کرایەوە و ٢٤٥٨٥٣ کەسیان فێری خوێندەواری کرد(هاوکاری: ژ٢٦٣، ١٨/ ١٩٧٥/٤،ل٤) بەپێی خشتەی تایبەتی ڕۆژانە وانەکان خوێندرابو، بۆ مەڵبەندەکانی شاری سلێمانی دەرچوانی قوتابخانەی هونەری ماڵداری(1957-1958 لەشاری سلێمانی دامەزراوە – دەرچوانی ئەم قوتابخانەیە بوون بە مامۆستا)، وەك مامۆستا دانران، کە پێشتر لە بەغداد بون و پەیوەندییان بە مەڵبەندەکا نی نەهێشتنی نەخوێندەوارییەوە کردبو، هاوکات خولی تایبەتیان بۆ کرایەوە، تێیدا بابەتی پەیوەندیدار بە نەخوێندەواری وترابۆوە (سعيد، ١٩٧٢/٧/١٧،لغاية ١٩٧٢/١٠/١٧ ،ص٥). لەگەڵ ئەوەشدا وەك چارەسەرێك بۆ کەمکردنەوەی نەخوێندەواری، لە کردنەوەی قوتابخانەی سەرەتاییی چوارپۆلی لە لادێکاندا بەردەوامبون، لەو کاتەدا ناوچە هەبوە زۆر بە پەرۆشەوە داوای کردنەوەی قوتابخانەیان کردووە؛ ئەوەتا ناوچەی باوەنور و پێنجوێن سەرجەم دانیشتوانەکەی نەخوێندەواربون(بیری نوێ:ژ٦٤، ١٩٧٣/٩/١٢،ل٦)، بۆ ئەم مەبەستە ساڵی ١٩٧٣ بڕیاردرا ٩٠ قوتابخانەی سەرەتایی و ٥ باخچەی منداڵان لە پارێزگای سلێمانیدا بکرێتەوە، بەوەش ڕێژەی خوێندکارانی سەرەتایی گەیشتە ١٩٦٨٥قوتابی، بەو هەنگاوەش تاڕادەیەك توانرا ڕێژەی نەخوێندەواری بگاتە ئاستێکی نزم (هاوکاری: ژ٢٠٩، ١٩٧٣/٣/١٥،ل٤). بە پێی ڕاپۆرتی سیاسیی وڵات، ڕێژەی نەخوێندەواری ٥٥% بو، دەرکەوتبو لە ڕێگای نەهێشتنی نەخوێندەوارییەوە دەتوانرێت ڕادەی بەرهەمهێنان برەوبسەنێت، هەروەها هاووڵاتیان لە نەزانین ڕزگاریان دەبێت. کردنەوەی مەڵبەندەکان لە دێهات و شارەکانی وڵات بەردەوام بو، بە تایبەتی پاش دەرچونی سیستەمی نەهێشتنی نەخوێندەواریی ژمارە ٣ی ساڵی ١٩٧٣، پێکهاتبو لە ١٤ ماددەو بڕگەی جیاواز، تایبەت بە قۆناغی سەرەتایی و نەهێشتنی نەخوێندەواری، بە مەبەستی ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە کەرتی پەروەردە. بە پێی یاساکە بڕیاردرا لە سەرجەم گوند و شارۆچکەکان یاسای نەهێشتنی نەخوێندەواری جێبەجێ بکرێت، کار بۆ ئامادەکردنی پرۆگرامی خوێندن بکرێت (ڕۆشنبیری نوێ: ژ٦٧، نیسان، مایس ١٩٧٨،ل٦)، ڕێکخستنی هەڵمەتی هۆشیاریی گشتی بۆ هاووڵاتیان لە ڕێگای ڕاگەیاندنەکانەوە، سەرژمێرکردنی کەسانی نەخوێندەوار لە سەرجەم شار و شارۆچکەکان و دێهاتەکاندا. لەمادەی ١٠ی سیستەمەکە ئاماژەی بەوە کردووە کە ماوەی خوێندن لە مەڵبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری بە دوو قۆناغ بێت، قۆناغی (بنچینەیی، تەواوکاری) ماوەی خوێندنیش بۆ هەرقۆناغێك لە ٩مانگ تێپەڕنەکات (الوقائع العراقية،عدد٢٢١، ١٩٧٣/٢/١٢،ص٤- ٥).

سەرەڕای دەرچونی ئەو سیستەمە، بەڵام جیاوازی لە کردنەوەی ژمارەی مەڵبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە پارێزگاکانی عێراق بەدیکرا؛ بۆ خوێندنی قۆناغی بنچینەیی و تەواوکاری ساڵی ١٩٧٣ لە پارێزگای سلێمانی ٥٨٩ مەڵبەند تایبەت بە هەردوو ڕەگەز کرایەوە، نزیکەی ٨١٠٥ هاووڵاتی لە پیاو و ژن خوێندەوار کران(هاوکاری: ژ١٩٧، ١٩٧٣/١٢/١٤)، بەراورد بە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق، ژمارەکە کەمە، بەتایبەتی لەڕوی ڕێژەی دانیشتوانەوە. بۆیە فێرخواز بەپێی ڕەگەز و قۆناغەکان، دابەشی سەر بنکەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری کرابون:-

١- قۆناغی بنەڕەتی: لەم قۆناغەدا لەهەفتەیەکدا ٥ ڕۆژ دەوامیان کردووە، ئاستی خوێنەر گەیشتۆتە پۆلی سێیەمی سەرەتایی، تاقیکردنەوە بەشێوەی زارەکی کراوە لە لایەن لیژنەیەکی تایبەت بە نەهێشتنی نەخوێندەواری(وزارة التربية ،د.ت ،ص١).

2- قۆناغی تەواوکاری: لەم قۆناغەدا پۆلەکانی (٤-٥-٦) سەرەتایی خوێندراوە، دەرچوانیان مامەڵەی شەشەمی سەرەتاییان لەگەڵدا کراوە (دوارۆژ: ژ٢،تشرینی یەکەمی ١٩٧٩، ل٢). هەروەها لەو دو خشتەی خوارەوە ژمارەی مەڵبەند و فێرخێوازەکانمان ڕونکردۆتەوە:

خشتەی ژمارە (١)

ژمارەی مەڵبەند و فێرخوازان لە پارێزگای سلێمانی بۆ قۆناغی بنچینەیی بۆ ساڵی (١٩٧٤-١٩٧٣)

| ژ.مەڵبەند بۆ قۆناغی بنچینەیی پیاوان | ژ.فێرخواز | ژ.مەڵبەند بۆ قۆناغی بنچینەیی ژنان | ژ.فێرخواز |
|---|---|---|---|
| ١٤١ | ٦٠٣٢ | ٥٢ | ١٤٩٥ |

خشتەی ژمارە(٢)

ژمارەی مەڵبەند و فێرخوازان لە پارێزگای سلێمانی بۆ قۆناغی تەواوکاری بۆ ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٣

| ژ.مەڵبەند بۆقۆناغی تەواوکاریی پیاوان | ژ.فێرخواز | ژ.مەڵبەند بۆ قۆناغی تەواوکاریی ژنان | ژ.فێرخواز |
|---|---|---|---|
| ٤٨ | ١١٢٨ | ١٦ | ٣١٤ |

( وزارة التربية: 1968،ص٢٣٥)، بەپێی ئاماری خشتەی دیاریکراو ڕونە کە ژمارەی مەڵبەند و ژمارەی فێرخوازانی پیاو بەراورد بە ژنان زیاتر بووە، ئەوەش بۆ پابەندنەبونی ژنان بە پرسی خوێندن لە مەڵبەندەکاندا بەهۆی لایەنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی دەگەڕێتەوە.

لەگەڵ ئەو هەوڵە بەردەوامانەی دراوە بۆ دابەزاندنی ئاستی نەخوێندەواری، بەڵام ڕاپۆرتی سیاسیی کۆنگرەی هەشتەمی حیزبی بەعس، کە لە کانونی دووەمی ١٩٧٤ بەسترا، ئەوەی خستۆتەڕو کە نەخوێندەواری گەورەترین و ترسناکترین کۆسپی بەردەم پێشکەوتنی وڵاتە لە ڕوی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە، بە بونی نەخوێندەوار ناتوانرێت کۆمەڵگای پێشکەوتنخواز پێکبهێنرێت، لە هەمان کاتدا ئەوە ڕونکراوەتەوە نەهێشتنی نەخوێندەواری پێویستی بە بڕیارێکی سیاسی هەیە، لەپێناو دەستگرتن بەسەر ئەوبارودۆخەدا، باشتر بو بڕیاری پلانێکی گشتگیری هەڵمەتێکی نیشتمانیی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە سەرانسەری وڵاتدا بدرێت. ڕاپۆرتەکە ئەوەشی نیشانداوە پێویستە لە پێنج ساڵی ئایندەدا دەست بە جێبەجێکردنی یاسای (خوێندنی بەزۆر)، لە قۆناغی سەرەتایی، بکرێت، دواتر بڕیاری لابردنی قوتابخانەی تایبەت لە تەواوی عێراقدا درا، لەپێناو باشترکردنی پڕۆسەی نەهێشتنی نەخوێندەواری، لە ئەنجامی سەرپەرشتیکردنی سەرجەم جومگەکانی وڵات لەلایەن حیزبی بەعسەوە، وایکرد ئەو حیزبە سەرپەرشتیی هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری بکات، بەهاوکاریی هەریەك لە ڕێکخراوەکان و هێزە چەکدارەکان و دامودەزگاکانی دەوڵەت (صالح: العدد٤، ١٩٨٢،ص٩-١٠).

پاش دەرکردنی ئەو بڕیارە سیاسییە، بارودۆخی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە سلێمانی ڕوی لە کشانەوە کرد، بەتایبەتی لە ناوچە دورەدەستەکاندا، لەبەر دوبارە تێکچونی بارودۆخی سیاسی لەو ناوچانەدا، بڕیاری داخستنی ژمارەیەك لە قوتابخانەکان درا، هەرچەندە لەناو شاردا زیاتر لە هەوڵی ئەوە دابون بارودۆخی خوێندن لە سەرجەم قۆناغەکاندا هێمن بێت؛ ئەوەبو دوای بەستنی کۆنگرەی هەشتەمی ساڵی ١٩٧٤ یاسای ژمارە (٢٤)دەرچو، حکومەتی عێراق بڕیاری دا خوێندن لە سەرجەم ناوەندەکانی خوێندندا بکرێتە خۆڕایی، لەپێناو وازنەهێنانی ئەو قوتابییانەی باری داراییان لاوازە و پۆلەکانی خوێندنیان جێهێشتووە، هەروەها بۆئەوەی هەلی یەکسان لەبەردەم قوتابییاندا بڕەخسێنێت، لەپێناو کەمکردنەوەی نەزانین، بڕیارەکە بۆخوێندنی ساڵی( ١٩٧٤- ١٩٧٥) جێبەجێکرا(جریدە الوقایع: عدد٢٣٢٠، ١٩٧٤/٢/١٧).

هەوڵەکانی حکومەتی عێراقی بەردەوام بو بۆ ڕزگارکردنی (٢،٢١٢،٦٣٠) هاووڵاتی کە تەمەنیان لە نێوان ( ١٥- ٤٥) ساڵدا بون، لەو ژمارەیە (٦٩٣,٦٧٦) نێر بووە، (١،٥٣٥،٩٣٧) مێ بووە، (عەبدول حەمید) بەڕێوەبەری گشتیی فێرکرنی سەرەتایی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری ڕایگەیاند (٢،٧٧٥،٠٠٠) دینار بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری تەرخانکرا، خەرجیی پێداویستییەکانی زیادکرا، سەرەڕای ئەوەی وەزارەتی پەروەردە ٢٠٠ هەزار دیناری لە بودجەی وەزارەتەکەی تەرخانکردبو بۆ پێداویستییەکانی پەیوەندیدار بە نەهێشتنی نەخوێندەواری(هاوکاری: ژ٢٥٠، ١٩٧٥/١/١٧، ل٤)، بەڵام لە بودجەی ئەوساڵەدا (١٠,٥٠٨,٩١١) دینار بۆ قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی تەرخانکرابو، بۆ باشترکردنی پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن(هاوکاری :ژ٢٧٠، ٦-١٣/١٩٧٥،ل٥).

ئەوەی شایەنی باسکردنە بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی (فوئاد عیزەت مستەفا) ڕایگەیاند:" قوتابییانی باخچەی ساوایان و سەرەتایی بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٧٤-١٩٧٥ سەرجەم پێداویستییەکانیان بەبێ بەرانبەر بۆ دابینکراوە"(هاوکاری: ژ٢٥٨، ١٩٧٥/٣/١٤،ل٦)، پاشان لایەنە پەیوەندیدارەکان دەستیان بە جێبەجێکردنی نەخشەو پلانەکانیان کرد، لەپێناو زاڵبون بەسەر نەخوێندەواریدا. لە پارێزگای سلێمانی تا شوباتی ١٩٧٤، توانرا ١٩٩مەڵبەند بکرێنەوە، لەو ژمارەیە ١٤٣ مەڵبەندیان تایبەت بو بە پیاوان، ٥٦ مەڵبەند تایبەت بە ژنان، ٣١ مەڵبەندیان تایبەت بون بە ناوشاری سلێمانی، هەروەها توانرا ٦٤٣ هاووڵاتی فێری خوێندەواری بکرێن(بیری نوێ: ژ١٤٠، ١٩٧٥/٤/٧).

ساڵی ١٩٧٥، بۆ جاری دووەم ژمارەیەك قوتابخانانە بە ڕوی قوتابییاندا کرانەوە کە لە ئەنجامی بارودۆخی سیاسیی کوردستان داخرابون، سەرەڕای کردنەوەی چەند قوتابخانەیەکی سەرەتایی لە چەند گوندێکی کوردستان(بیری نوێ: ژ١٧١، ١٩٧٩/١٢/٢٧،ل٧). لە هەمان ساڵدا ژمارەی قوتابخانە سەرەتاییەکانی تەواوی پارێزگای سلێمانی بو بە ١٨٤ قوتابخانە، لەو ژمارەیە ٤١ قوتابخانە لە ناوەندی شار و ٣٦ لە هەڵەبجە، ١٦ لە پێنجوێن، ٣٨ لە شارباژێر و ١٩ لە پشدەر بون. لەو ناوەندانەدا ١٥٩٢ مامۆستا لە ڕەگەزی نێر ٨٠٤ مامۆستا لە ڕەگەزی مێ، وانەیان وتەوە. ئەوەی جێگای سەرنجە ژمارەکان لەگەڵ خواستی هاووڵاتیاندا هاوشان نەبون. (وزارة التخطیط :1976/1975ص١١) .

دوای جێبەجێکردنی بڕیاری خوێندنی خۆڕایی ژمارەی قوتابییانی سەرجەم قۆناغەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتبو، لە تەواوی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی، هەروەها بەشی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە قۆناغی بنچینەیی و تەواوکاری لە ناوچەکانی کوردستان ژمارەیان لە هەڵکشاندابو؛ بەپێی ئامارەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری و فێرکردنی گەوران بۆ ساڵی ١٩٧٥، ژمارەی پۆل و فێرخواز و دەرچوانی مەڵبەندەکانی تەقلیدی، پیشەیی و ناچاری بۆ سەرجەم پارێزگاکانی عێراق بەم شێوەیەی خوارەوە بو:-

١. ژمارەی مەڵبەندەکان (٢٧٤٣)بو، لەو ژمارەیە (١٤٦٣) مەڵبەندی تەقلیدی و (٣٠٧) مەڵبەندی پیشەیی و (٩٧٣) ناچاری لە ئەرکدابون.

٢. ژمارەی پۆلەکان لەو مەڵبەندانەدا (٥٩٤٢)بو، کە (٣٣٠١) بۆ قۆناغی بنچینەیی و (٢٦٤١) تایبەت بە قۆناغی تەواوکاری بون.

٣. ژمارەی فێرخوازانی ئەو مەڵبەندانە (١٤٧٥٧٤)بو، لەو ژمارەیە (٦٣٩١٦) لە ڕەگەزی نێر و (٨٣٦٥٨) لە ڕەگەزی مێ بون.

٤. ژمارەی دەرچووان لەو مەڵبەندانە( ٣٧٩٤٨) کەس بو، کە (١٨٤٩٧) پیاو (١٩٤٥١) ژن بون.

٥. ژمارەی کارکەران (٤٨٢٦) بو، لەو ژمارەیە (١٢٢٥) میلاکی هەمیشەیی وەزارەتی پەروەردە بو، (٣٦٠١) وانە بێژ بون. (وزارة التخطیط: ١٩٧٥-١٩٧٦،ص١٥). لەو خشتەی خوارەوە ناوچەکانی کوردستان خراوەتەڕو:

خشتەی ژمارە (٣)

ژمـارەی فێرخوازانی نەهێشـــتنی نەخوێنـدەواریی ناچـاری بۆ قۆناغی بنچینەیی و تەواوکاریی ناوچەکانی کوردستان بۆ ساڵی ١٩٧٥:

| پارێزگا | ژ.فێرخوازی نێر بۆ قۆناغی بنچینەیی | ژ.فێرخوازی مێ بۆ قۆناغی بنچینەیی | ژ.فێرخوازی نێر بۆ قۆناغی تەواوکاری | ژ.فێرخوازی مێ بۆ قۆناغی تەواوکاری |
|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | ٨٥٩ | ٤٠٨ | - | - |
| هەولێر | ٤٤١ | ٣٩٢ | ١١٢ | ٢٣٩ |
| دهۆك | ٣٢٠ | ١٤٥ | - | ٣١ |

بە سەیرکردنی ئەو خشتەی سەرەوە دەرکەوتووە، ڕێژەی بەدەمەوەهاتنی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە هەردو ڕەگەز لە شاری سلێمانی، بەراورد بە هەولێر و دهۆك، زیاترە، ئەمەش زیاتر بەلایەنی کۆمەڵایەتیی دانیشتوانی شارەکەوە پەیوەستە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە (ئەحمەد حەسەن بەکر) سەرۆککۆماری عێراق لە ڕۆژی ١٦ی شوباتی ١٩٧٦ سەردانی وەزارەتی پەروەردەی عێراق کرد و کۆبونەوەیەکی لەگەڵ (محەمەد مەحجوب) وەزیری پەروەردە ئەنجامدا، باس لە شێوازی گۆڕانکاریی پێشکەوتنی ڕەوشی پەروەردە کرا، لەناویاندا نەهێشتنی نەخوێندەواریی دوپات کراوەتەوە، حیزب لە کایە پەروەردەییەکاندا باڵادەست بێت (المعلم الجدید: المجلد ٣٨، ١٩٧٦،ص١٠١). بێگومان ئەوە بۆتە جێگای مەترسی بۆ ناوەندەکانی خوێندن، بە تایبەتی لەو بارودۆخە سیاسییە ئاڵۆزەی کوردستانی پێدا تێپەڕ دەبو، نەهێشتنی نەخوێندەواری لە تەواوی عێراقدا کۆتایی پێنەهاتبو، لەو پێناوەدا بڕیاری بەستنی کۆنگرەی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری و فێرکردنی گەوران لە ڕۆژانی (٧-١٥)ی ئاباری ١٩٧٦ لە بەغداد درا، لە کۆنگرەدا پلانی یاسای خوێندنی بەزۆر دانراوە، کاتی بنەبڕکردنی نەخوێندەواری لە تەواوی عێراق لەماوەی ٥ ساڵی داهاتو دارێژرا. بێگومان یاسای خوێندنی بەزۆر لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە، یاسای خوێندنی بەزۆر ژمارە ١١٨ی ٢٢ی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٦ دەرچو، لە ١٩ مادده پێکهاتبو. (الجمهوریة العراقیة، مدیریة محو الامیة الالزامی السلیمانیة ، د.ن، ص٥٣ .)

کۆنگرە لەژێر دروشمی بەرەو هەرەوەزیی نیشتیمانیی نەهێشتنی نەخوێندەواری بە سەرۆکایەتیی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی، ئەنجامدرا. سەدام حسێن پێش بونی بە سەرۆککۆماری عێراق، سەرۆکایەتیی کۆنگرەی ناوبراوی کرد، دواتر لە ١٢ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٦کۆنگرەی سێیەمی ئەسکەندەریە لە بەغداد بەسترا، چەند بنەما و ستراتیجێکی نوێ بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری لە سەر ١٠ بنەمای سەرەکی لە عێراق بەسترا (هاوکاری، ژ٤٤٨، ١٩٧٨/١١/٦،ل٥)، شارەزایان و پسپۆڕانی جیهانی و عەرەبی بە ئامانجی سودوەرگرتن لە پلان و ستراتیژی وڵاتان، لەپێناو سەرخستنی هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری، ئامادەبون. ئامانجی کۆنگرەکە گرتنەبەری ستراتیژیەکی تەواو بو، بۆ هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری. موساریع ڕاوی لە توێژینەوەکەیدا بە ناونیشانی تەواوکردن لە نێوان هەڵمەتەکانی قەلاچۆکردن و فێرکردنی ئیلزامی لە چوارچێوەی فێرکردنی بەردەوام و هەمیشەییدا دەڵێت: بایەخدانمان بە چارەسەرکردنی گیروگرفتی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری ئەوە ناگەیەنێت کەوا ئەم گیروگرفتە دوردەخرێتەوە یان جودا دەکرێتەوە لە کردارەکانی فێرکردنی گەورە و باوەڕی فێرکردنی بەردەوام و فێرکردنی خۆیی لەبەر ئەوەی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری لە بنچینەدا ماکێکە لە ماکەکانی فێرکردنی گەورە و ڕویەکە لە ڕووەکانی، بەڵکو هەنگاوی یەکەمە لە ڕێگای فێرکردنی بەردەوام و پەروەردەی هەمیشەیی تا کۆتایی ژیان(ڕۆژی کوردستان،ژ٥٣، ١٩٧٩،ل٤٣) .

لە ئاکامدا یاسای خوێندنی بەزۆر ژمارە ١١٨ی ٢٢ی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٦ی بۆ خوێندنی قۆناغی سەرەتایی دەرچو، ڕاگەیاندرا هەرکەس پێچەوانەی یاساکە ڕەفتار بکات، توشی سزای یاسایی دەبێتەوە، کە بریتی بو لە دو جۆر سزا: 1- سزای مادی، لە یەك دینارەوە دەستی پێدەکرد، بەرەوژور بەپێی جۆری وازهێنانەکە لە خوێندن و بارودۆخی خاوەنەکەی. 2- سزای مەعنەوی، ئەویش زیندانیکردن بو، لە سێ مانگەوە دەستی پێدەکرد (الجمهوریة العراقیة، مدیریة محو الأمیة الالزامی السلیمانیة ، د.ت ،ص٥٣). وەك دیارە یاساکە لەجێگای خۆی بو؛ سەرجەم پێداویستییەکانی قوتابییان لە دەفتەر و قەڵەم، بەخۆڕایی بەسەر قوتابییانی سەرجەم پارێزگاکانی عێراق دابەشکرا، بەوەش خەرجیی خێزانەکان کەمتربۆوە، بە بەراورد بەساڵانی پێشتر، بۆ ئەم مەبەستە حکومەت بۆ ساڵی ١٩٧٦ بڕی (٣) ملیۆن دیناری بۆ کڕینی دەفتەری قوتابییان تەرخانکرد (هاوکاری: ژ٣٠٧، ١٩٧٦/٣/٤،ل٨). پاش جێبەجێبونی یاساکە، تارادەیەك ژمارەی خوێندکارانی قۆناغی سەرەتایی زیادی کرد، ئەمەش وەك بەڵگەیەکی پەروەردەیی بەوەی ئاستی ڕێژەی نەخوێندەواری بە بەراورد بە ساڵانی پێشتر نزمبۆتەوە. جگەلەوەش ژمارەی مامۆستایان بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان زیاد بو هەروەك لەو خشتەی خوارەوە دیارە-:

خشتەی ژمارە (٤)

ژمارەی مامۆستایان بۆ ساڵانی خوێندنی (١٩٦٨-١٩٦٩) (١٩٧٥-١٩٧٦) لە پارێزگای سلێمانی:

| ژ.مامۆستا لە باخچەی ساوایان ١٩٦٨-١٩٦٩ | ژ.مامۆستایان لە باحچەی ساوایان ١٩٧٥-١٩٧٦ | ژ.مامۆستایان لە سەرەتایی ١٩٦٨-١٩٦٩ | ژ.مامۆستایان لە سەرەتایی ١٩٧٥-١٩٧٦ |
|---|---|---|---|
| ١٠ | ٢٩ | ١٥١١ | ٢٨٦٠ |

هەوڵەکان ب بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری لە تەواوی عێراقەردەوامبو، شانبەشانی زیادبونی قوتابییانی باخچە و قۆناغی سەرەتایی، ژمارەی فێرخوازانی مەڵبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە هەڵکشاندابون، ئەوەبو ژمارەی فێرخوازانی بنکەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە ساڵی (١٩٧٦-١٩٧٧) گەیشتبوە (١٤٨٧٧١)کەس بۆ ٢٤٤٦ مەڵبەندی نەهێشتنی نەخوێندەواری (هاوکاری:ژ ٤٤٠، ١٩٧٨/٩//١١، ل٤)، لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە بنچینەییانە، بە سەدان خوێندکار لە نێوان تەمەنەکانی (١٠-١٥) ساڵ، گرفتی خوێندنیان هەبو، چونکە لە مەڵبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری بڕیاری وەرگرتنیان ڕەتکراوەتەوە، هەروەها لە قوتابخانە ئاساییەکاندا وەرنەدەگیران لەبەر تێپەڕبونی تەمەنی ئاسایی خوێندنیان، بۆ بێبەشنەکردنی ئەو قوتابییانە لە خوێندن، وەزارەتی پەروەردە بڕیاری دا قوتابخانەی تایبەت بۆ هەرزەکاران بکرێتەوە. ئەو جۆرە قوتابخانانە، شێوازێکی تایبەتی وەرگرتبو، بەوەی فێرخوازان فێری پیشەکان دەکران، ماوەی خوێندن ٤ ساڵ بو، قوتابخانەکانیش هەریەکە لە قوتابخانەی ناوەندیی دەباشان بەڕێوەبەر ڕەشید حەمە زۆراب و قوتابخانەی ناوەندیی هاوڕێ بەڕێوەبەر پەروین محمد مەحمود بو، لەو پێناوەدا بەڕێوەبەری پەروەردە سەرجەم پێداویستییەکانی بۆ خوێندکاران ئامادەکرد. لەم جۆرە قوتابخانانەدا

بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی سەرەتایی سەرپەرشتیی کردووە (هاوکاری :ژ٤٠٦، ١٩٧٧/١٢/٢٦، ل٥)، چەندەها گیروگرفت لەبەردەم خەونەکانی ئەو خوێندکارانەدا بو بە بەربەست لە دوارۆژدا.

3-4. ڕۆڵی ڕاگەیاندن و گرفتی مەڵبەندەکانی هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە سلێمانی و پرۆگرامەکانی خوێندن-:

زۆربەی کات دەسەڵاتی چوارەم ڕۆڵێکی ئەرێنی لە کۆمەڵگادا دەگێڕێت، لەو ڕووەوە دوای دەرچونی یاسای خوێندنی بەزۆر بۆ قۆناغی سەرەتایی، داوای پێدانی تەلەفیزیونێك کرابو بۆ هۆبەی نەهێشتنی نەخوێندەواری، هەڵمەتێکی گەورە لەوشێوەیە جێگای بایەخدانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکراوەکانی ئەوکات بون(هاوکاری: ژ٤١، ١٩٧٠/١٠/١٧،ل3) لیژنەی ڕاگەیاندنی تایبەت پێکهێنرا لەسەرەتای بانگەشەکردن و دەرچونی یاسای نەهێشتنی نەخوێندەواری کاری خۆی بەئەنجام گەیاند، بەتایبەتی سەرپەرشتیکردنی ئەو چالاکییانەی تایبەت بەو بوارە بووە(هاوکاری: ژ٦١٣، ١٩٨١/١٢/٣،ل٤)، لە ساڵی ١٩٧٣ لیژنەی ناوەندی پێکهات بۆ وریاکردنەوەی هاووڵاتیان لەڕێگای ڕاگەیاندنەوە، دواتر لیژنەی وریاکردنەوەی شارەکان پێکهات و بەردەوام بون بۆ بانگێشتکردنی نەخوێندەواران، پلانێکی ستراتیژییان بۆ ساڵانی دواتر ڕاگەیاند (دراسات الاجیال: العدد٤، کانون الاول ١٩٨٤،ص١٧)، هەر بۆیە لیژنەی باڵای نەهێشتنی نەخوێندەواری توانیی لە ساڵی ١٩٧٥ کۆڕێکی فراوان بۆ فێرخوازان و مامۆستایان ئەنجام بدات، لەپێناو چارەسەرکردنی گرفتەکانی ئەو پرۆسەیە و وتنەوەی وانە لەڕێگای تەلەفیزیۆنی کەرکوك بۆ زیاتر فێرکردنی دانیشتوانی شارەکان(هاوکاری:ژ ٢٩٢، ١٤-١٩٧٥/٢٠،ل٦) ، بۆ ئەو مەبەستە کەسانی تایبەت بە بواری وتنەوەی وانە لە ڕێگای تەلەفیزۆنەوە مەشقیان پێکرا .

## ٣. ٥ گرفتی مەڵبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری-:

عێراق وەك دەوڵەتێکی سۆسیالیستی، کاری بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری کردبو، بەپێی ئەو پلان و ستراتیژییەی بۆی داڕێژرابو، هاوکات کێشە و گرفتی بەردەم فێرخوازانی مەڵبەندەکان و مامۆستایان و سەرپەرشتیاران لە تەواوی مەڵبەندە جیاوازەکان دروستبو، گیروگرفتەکانی بەردەم فێرخوازانی ناو مەڵبەندەکان جۆراوجۆربو، تایبەت بە ژنانی ماڵەوە هەمیشە بیریان لای منداڵەکانیان بو، سەرەڕای بەجێهێشتنی کاروباری ماڵەوە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەیان هەستیان بە شەرم کردووە بەهۆی دابونەریت و کلتوری کۆمەڵایەتی لە کاتی چونیان بۆ مەڵبەندەکان( ابراهیم: د.ت ،ج٢،ص١٤٢-١٤٤)، سەرەڕای بەجێهێشتن و ڕاکردنی فێرخوازان لە ناو مەڵبەندەکان، ڕانەهاتنیان لەو پرۆسەیەدا، هەرچەندە ئەو فێرخوازانەی قۆناغی چوارەمی سەرەتایی تەواو دەکرد پۆلی نوێیان بۆ نەدەکرایەوە، فێرخوازیش هەبو پابەندبوە بە کاتی دەوامکردن، بەڵام بە شێوەیەکی پچڕپچڕ دەوامیان کردووە کە کاریگەریی لەسەر ئاستی فێرکردن هەبوە. گرفتێکی تری سەرەکیی فێرخوازان تاقیکردنەوەکان بووە، کە ترس و نیگەرانیی زۆری لای فێرخوازان دروستکردبو، سەرەڕای لایەنی خراپیی دەرامەتی ئابوریی فێرخوازان، کە بەجۆرێك بو ناچار، لەپێناو کارکردن خۆیان لە خوێندن دەدزیەوە (مدیریة محو الامیة الالزامی / السلیمانیة الاشراف وامتابعة).

مامۆستایانی مەڵبەندەکانیش لە کێشە و گرفتەکان بەدەرنەبون؛ هەر لە کەمیی هۆیەکانی گواستنەوە بۆ ناو مەڵبەندە دورەدەستەکان، کرێی وانەبێژی؛ لەوبارەیەوە ژمارەیەك مامۆستا لە مەڵبەندی بەکرەجۆی سەر بە شاری سلێمانی، ئاماژەیان بەوە کردووە بڕی ئەو پارەی وەریدەگرن ١٠ دینار بوە لە پای وتنەوەی وانەکانیان لە بەرانبەر وتنەوەی هەر وانەیەك تەنها ٢٥٠ فلسیان بۆ خەرجکراوە، بەو پێیە مانگی ١٠ دینار وەرگیراوە، لە ئەنجامدا پارەیەکی زیاتر لە هاتوچۆدا خەرجکراوە کە هاوشانی ئەو بڕە پارەیە نەبوە، بەزۆرناردنی ئەو هاووڵاتیانەی لە دامودەزگاکانی حکومەتدا کارمەندبون، ئاستی فێرکردنیان لاواز بووە و مامۆستا ناچار بووە زیاتر ماندوبێت. ساڵی ١٩٧٣ فێرخوازان تەنها قۆناغی بنچینەییان تەواو دەکرد، دواتر شوێنیان نەبو بۆ بەردەوامبونیان لە خوێندن(هاوکاری:ژ١٦٣، ١٩٧٣/٤/٢٠). سەرپەرشتیارانیش بەشێکی گرنگ بون لە پرۆسەی نەهێشتنی نەخوێندەواری، بەهەمان شێوەی مامۆستایان چەندەها گرفت هاتۆتە پێشیان؛ لە چونیان بۆ مەڵبەندەکان، دوریی گوندەکان لە یەکتری. لە ناوەندی شارەکان کەموکورتی لە لایەنی کارگێڕیی مەڵبەندەکانەوە هەبوە( ابراهیم: د.ت،ص١٤٢-١٤٤)، بنکەکانی نەهێشتنی نەخوێندەوارییش بەدەر نەبون لە گرفتە جۆراوجۆرەکان لە خوارەوە خراوەتەڕو-:

أ- کەمیی مامۆستای شارەزا و لێهاتو و ئامادەکراو بۆ مەڵبەندەکانی فێرکردن، ئەمەش وایکردبو مامۆستایانی سەرەتایی بە شێوەیەکی خۆبەخش وانە بڵێنەوە. سەرەڕای ڕاپێچکردنی ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایان بۆ خزمەتی سەربازی، بەشێك لە مەڵبەندەکان و قوتابخانەکان داخرابون، بۆیە قوتابخانانەی وا هەبو یەك مامۆستا سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەر بووە (سعید :١٩٧٢/٧/١٧ ص٢٥)، سەرەڕای نەبونی بینای تایبەت بە مەڵبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری، بەناچاری زۆربەی کات دەبونە دەوامی سێیەم لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا.

ب- بەهەدەردانی پارەی تەرخانکراو بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری کە لەلایەن ئیدارەی ناوچەکانەوە دیاریدەکرا، ساڵانە لەژێر ناونیشانی تردا بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان خەرجکراوە، بۆ نموونە ساڵی ١٩٧٤ پارەی تەرخانکراو بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواریی شاری سلێمانی (٥٠) هەزار دینار بو، (٢٥) هەزاردیناری بۆ مەبەستی جیاواز خەرجکراوە و (٤)هەزاریش بۆ کەرەستەی قوتابخانە خەرجکرا، لە ئاکامدا گرفتی خەرجی بۆ مەڵبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری دروستبو، نەتوانرا وەك پێویست ئاکامەکانی فێربون ڕوبدات(بیری نوێ،ژ١٤٠، ١٩٧٥/٤/٧،ل٢).

پ- دیاردەی بچوکردنەوەی تەمەن و گۆڕینی ناسنامەی باری کەسێتی لە لایەن فێرخوازانەوە، لەپێناو بەشدارینەکردنیان لە مەڵبەندەکان، وەك کۆسپێکی بەردەم پرۆسەکە سەیرکراوە و لە دواییدا گرفتی بۆ مامۆستایانی مەڵبەندەکان دروستکردووە .

ت- کۆسپی سەرەکیی مەڵبەندەکان لەڕوی پرۆگرامی خوێندنەوە، نەبونی کتێبی کوردی بو( کۆکل: ١٩٧٨،ل٦٠)، تەنانەت لەساڵانی دواتر توێژینەوەیەک (ماستەرنامە) ی لەسەر نوسراوە، درەبارەی ئەو کەموکورتیانەی لە وانەی کوردیدا بەرچاوکەوتبو، چونکە تەنها وەرگێڕانی حەرفی بۆ کرابو(هاوکاری: ژ٥١١، ١٩٨٠/٢/٤،ل٢).

ج- کۆچکردنی هاووڵاتیان لە ناوچەیەکی کوردستان بۆ ناوچەیەکی تر، ئەوەش ڕێگربو لە بەردەم مامۆستایان لە نەچونی فێرخوازان بۆ بنکەکانی خوێندن لەو ناوچانەی کۆچیان بۆ کردووە.

چ- ناوچەکانی قەزای پشدەر و ڕانیە و ناحیەی زەڕایەن ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیان لە مەفرەزەی تایبەت و فەوجی خەفیفە بون، کە خێزان و منداڵەکانیان پابەند نەبون، بە دەوامکردن لە ناو مەڵبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری( سیرة الحملة الوطنیة الشاملة لمحو الامیة الالزامی محافضة السلیمانیة، مشاکیل العامة علی طریق سیرة الحملة الوطنیة).

## ٦.٣ پرۆگرامی نەهێشتنی نەخوێندەواری:

ئامادەکردنی پرۆگرامی تایبەت بە نەهێشتنی نەخوێندەواری لە مەڵبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری، ڕەنگدانەوەی سیاسەت و فەلسەفەی دەوڵەتی عێراق بو. پێش دانانی

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp305-321

پڕۆگرامەکان چەندەها کۆبونەوەی پێشوەخت ئەنجامدرابون بۆ قۆناغی بنچینەیی و تەواوکاری، لەو ڕوانگەیەوە پێویستبو هەست بە لایەنی دەرونیی ئەو فێرخوازانە بکرێت کە پڕۆگرامەکەیان بۆ دانراوە. ئەوەی جێگای سەرنج بو لەدانانی پڕۆگرامەکاندا ڕەچاوی وشە و ڕستەی گونجاو بۆ نەخوێندەواری پیشەیی نەکراوە، بەزۆر، لە قۆناغی بنچینەیی کتێبی خوێندنی (کرێکار، جوتیار، ژنی ماڵەوە، هێزەچەکدارەکان)، هەروەها کتێبی خوێندنەوەی عەرەبی و حساب و خوێندنەوەی کوردی بە شێوەی تایبەتی خۆی چاپکراون، هەرچی قۆناغی تەواوکاری هەیە دوای لێکۆڵینەوەی لیژنەی پڕۆگرامەکان بڕیاریاندا کتێبی وەك یەك دابنرێت بۆ سەرجەم چین وتوێژەکان، هەروەها حساب و خوێندنەوەی ئافرەتان و خوێندنەوەی کوردی بۆ ئەو قۆناغە ئامادەکرابو( شریف: ب، س، , ل٢٩)، ڕۆشنبیریی گشتی بۆ فێرخوازان ئامادەکرابو لە قۆناغی کۆتاییدا، بەزمانێکی سادە داڕێژراوە هاوتای زمانی فێرخوازان بو. جگە لەوە لیژنەی پڕۆگرام ئەوەیان خستبوەڕو عێراق لە ڕوی نەتەوە و زمانەوە جیاوازە؛ پێویستە ئەو جیاوازیە لە دانانی پڕۆگرامەکانی ناوچە کوردییەکاندا بەدیبکرێت؛ پڕۆگرامی خوێندنیان بەزمانی کوردی بێت، لەلایەکی تریشەوە باری دەرونی و ژینگەی فێرخوازان ڕەچاوبکرێت(شمس کردستان: العدد٥١،ايلول ١٩٧٨،ص٢٣)، کتێبی خوێندنەوە و کتێبی ژمارە و ڕێنیشاندەری تایبەت لەچاپدرابون (دراسات الاجيال: العدد ٤، ١ ١٩٨٤،ص١٥)، هەروەها کتێبی ڕابەر بۆ مامۆستایانی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری ئامادەکرابو. (ڕۆژی کوردستان :ژ٥٣، بغداد، ١٩٧٩، ل٤٨)

پڕۆگرامەکانی خوێندن بۆ نەخوێندەواری پیشەیی بۆ ئەوکات هەریەك لە بابەتی بیرکاری،ڕۆشنبیری ئابوری،تەندروستی کرێکار، ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی،نەتەوایەتی،ڕۆشنبیری ئایینی،وێنە ئەندازەیەکان بو(مديرية التربية محافظة السليمانية، ١٩٧٢/٧/١٧، ص١٨).

## ٤. دەرچونی یاسای خوێندنی بەزۆر ساڵی ١٩٧٨:

پێش دەستپێکردنی تاقیکردنەوەی هەڵمەتی نیشتمانیی گشتیی نەهێشتنی نەخوێندەواریی تەوزیمی(ئیجباری) لە عێراقدا، ئامارێکی ورد لەبەردەستدابو دەربارەی ژمارەی نەخوێندەوارەکان لە ڕەگەزی نێر و مێ، لەگەڵ دیاریکردنی سەرجەم تەمەنە جیاوازەکان و پیشەکانیان. سەرژمێری ١٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٧ دەرخەری ئەو ڕاستییە بو کە نەخوێندەواری لەناو گەلی عێراقدا کۆتایی پێنەهاتووە، بەڵکو ڕێژەکە بەرەو هەڵکشان چووە، نزیکەی (٢،٢٥٣،٥٤٢) ملیون هاووڵاتی نەخوێندەوار بون، کە دو ملیون و حەفتا هاووڵاتی پەیوەندییان بەمەڵبەندەکانەوە کردبو(هاوکاری: ژ٥٣٢، ١٩٨٠/٦/٣٠،ل٧). ڕێژەی نەخوێندەواری لە تەواوی عێراقدا لە نێوان تەمەنی( ١٥-٤٥ ) ساڵی گەیشتبوە ١٩,٦% (جەباری، هاوکاری، ژ٤٤٠، ١٩٧٨/٩/١١، ل٤)، لەو ڕێژەیەدا (٥٠٠,٧٤٣) لە ڕەگەزی نێر )١,٧١١, ٦١١ (ڕەگەزی مێ بو (شمس کوردستان: عدد٥١، ئەيلولی ١٩٧٨،ص٢٢)، لەو ژمارەیە( ٧٧٥،٤٠٠) لە گوندەکان بون (٨٣٦،٣١١) لە شارەکان بون، ئەمەش بۆ ئەوکات ڕێژەیەکی مەترسیدار بو(المعلم الجديد: عددخاص عن محوالامية،ص٢٢). بەپێی هەمان سەرژمێری، مەڵبەندەکانی تایبەت بە نەهێشتنی نەخوێندەواری گەیشتە (١١٤٢) مەڵبەند بۆ پیاوان (٢١١٥) مەڵبەند بۆ ژنان، کە لە ٥٣٦ لق پێکهاتبون، ژمارەی بەشداربوەکان (١٥٧، ٥٧٩) هاووڵاتی لەگەڵ ئەوەشدا ٣٦٨٨ مامۆستا وانەیان تێدا ڕاڤە کردووە، لە ئاکامدا (١٠٥٣٣) کەس لەو مەڵبەندانە دەرچون. (ڕۆشنبیری نوێ:ژ٦٧، نیسان ١٩٧٨،ل٦-٧).

ژمارەی ئەو هاووڵاتیانەی بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ لە تەواوی پارێزگای سلێمانی، کە تەمەنیان لە نێوان( ١٥-٤٥) ساڵ بووە، لە هەردو ڕەگەز لە گوند و شارەکان، لەو خشتەی خوارەوە خراوەتەڕو:

خشتەی ژمارە (٥)

ژمارەی ئەو هاووڵاتیانەی لە پارێزگای سلێمانی بەر هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری کەوتون بەپێی ئاماری ١٩٧٧

| یەکەی ئیداری | کۆی ژ.نێرینە | کۆی ژ.مێینە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| ناوەندی سلێمانی | ١٠٥٨٠ | ٢١٢٠١ | ٣١٧٨٩ |
| تانجەرۆ | ٢٤٧٨ | ٢٩٠٠ | ٥٣٧٨ |
| قەرەداغ | ٢٠٤٧ | ٢٥٦٣ | ٤٦١٠ |
| بازیان | ٤٠١٩ | ٢٣٦٠ | ٤٣٧٩ |
| سەرچنار | ٣٠٨٩ | ٤٠٩٠ | ٧١٧٩ |
| هەڵەبجە | ١٢٤٥ | ٢٦٧١ | ٣٩١٦ |
| سیروان | ٣٥٨٤ | ٣٤٤٣ | ٧٠٢٧ |
| خورماڵ | ١٨٨ | ٢٦٥ | ١٩٢٧ |
| بیارە | ١١٦٩ | ٢٢٦٦ | ٣٤٣٥ |
| شارەزوور | ٣٣٣٠ | ٤١٤٠ | ٧٤٧٠ |
| پێنجوێن | ٣٣٠٣ | ٢٨٧٢ | ٧١٧٥ |
| گەرمەك | ٢٧٢٧ | ٢٦٥٦ | ٥٥٣٨٣ |
| شارباژێڕ | ٢٤١٨ | ٢٦٠٥ | ٥٢٢٣ |
| سورچك | ١٧٣١ | ٢١٩٦ | ٣٩٣٠ |
| کناروێ | ١٥٤٧ | ٢٠٧٦ | ٣٦٢٦ |
| پشدەر | ٣٢٣٥ | ٤٦٣٢ | ٧٨٦٧ |
| هێرۆ | ١٢٣٣ | ١٥٧٥ | ٥٦٥٣ |
| ناودەشت | ٢٤٥٤ | ٣١٩٩ | ٥٦٥٣ |
| ڕانیە | ٨٦٧ | ١٤٣٩ | ٢٣٠٦ |
| چوارقوڕنە | ٢٧٦٦ | ٣٥٦٤ | ٦٢٣٠ |
| بێتواتە | ١٣٢٩ | ١٧٦ | ٣٠٨٩ |
| دوكان | ٣٠٨ | ٤٤٦ | ٧٥٤ |
| سورداش | ٣٦١٣ | ٣٤٨٥ | ٧٠٩٨ |
| چناران | ١٢٢٢ | ١٧٢٠ | ٢٩٤٢ |
| بنگرد | ٢٤٣٠ | ٣١٩١ | ٥٦٢١ |
| دەربەندیخان | ٣٢٢٨ | ٣٧٩٩ | ٧٠٢٧ |
| چەمچەماڵ | ٣١٧٦ | ٤٦٩١ | ٧٨٧٠ |
| ئاغجەلەر | ٢٣٣١ | ٣٠٠٦ | ٥٣٢٧ |
| سەنگاو | ١٩٥١ | ٢٤١٣ | ٤٣٢٨ |
| کەلار | ٣٠٤٣ | ٣٣٣٧ | ٦٣٨٠ |
| تیلەکۆ | ١١٨١ | ١٤١٤ | ٢٥٩٥ |
| پێباز | ٢٠٣١ | ٢٢٢٥ | ٤٢٥٦ |

بە پێی ئەو ئامارەی سەرەوە، ڕێژەی نەخوێندەواری لە تەواوی پارێزگای سلێمانی بنبڕ نەکراوە، جیاوازیی ڕێژەکەش لە نێوان هەردو ڕەگەزدا بە ئاشکرا دیارە، لە هەمان کاتدا لە زۆربەی پارێزگاکانی عێراق ئەوە بەدیکرا بو، حکومەتی عێراقی هەوڵی تەواوی دەدا بۆ زاڵبون بەسەر ئەو کێشە کۆمەڵایەتییەدا؛ بۆ ئەو مەبەستە بە بڕیاری ژمارە (٥٩٥) ی ٣ی مایسی ١٩٧٨ی دەرکرد، کە سەرۆککۆمار( ئەحمەد حەسەن بەکر) سەرکردایەتیی هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری بکات، دواتر بە بڕیاری ژمارە ٩٢

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp305-321

یاسای بەزۆرخوێندن دەرچوو لە ٢٢ی مایسی ١٩٧٨ کە لە ٣٠ بەند پێکهاتبو، لە بەندی ١٧ی یاساکە ئاماژەی بەوە کردووە:" هەر نەخوێندەوارێك دوای ئاگادارکردنەوەی پەیوەندی بە مەڵبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەوارییەوە نەکرد، ئەوا سزای بەندکردنی بۆ ماوەی یەك هەفتە، سزای مادیەکەشی ١٠ دینار بێت" (هاوکاری: ژ٤٥٤، ١٩٧٨/١٢/٢٥،ل٥)، تێچوی یەك نەخوێندەوار لە قۆناغی بنچینەیی و تەواوکاریدا پێویستی بە( ٢٦،٢٧٠) دینارو دووسەدوحەفتا فلس هەبوە لە ماوەی ١٤ مانگدا(ڕۆژی کوردستان: ژ٥٣، ١٩٧٩،ل٤٤)

سەرەتا سێ پارێزگا لە عێراقدا هەڵبژێردرا بۆ جێبەجێکردنی هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری، بۆ ئەوەی دەستنیشانی لایەنی چاك و خراپی هەڵمەتەکە بە ئاسانی دیاریبکەن؛ هەریەك لە ناوچەی ئەکەد لە پارێزگای زیقار، مەدحتیە لە بابل، عەنکاوە لە هەولێر. بڕیاردرا لە ڕێکەوتی ١ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٨ دەستپێکی ڕیشەکێشکردنی نەهێشتنی نەخوێندەواری بو لە سەرانسەری وڵاتدا، ٦٦ملیون دینار تەرخانکرا بو بۆ یەك ملیون و سەد هەزار هاووڵاتیی نەخوێندەوار لە ١٠ هەزار مەڵبەندی نەهێشتنی نەخوێندەواری(صوت الطلبة: العدد ١٠٧، اب ١٩٧٧،ص٢١). دەستپێك هەڵمەتەکە بۆ ئافرەتان بە چوارقۆناغ بۆ پیاوان بە دو قۆناغ، ماوەی هەرقۆناغێك ٦ مانگ دەبێت، لە قۆناغی یەکەمدا یەك ملیون هاووڵاتی بەشداربو(هاوکاری: ژ٤٥١، ٢شەممە ٤ /١٩٧٨/١٢، ل٢)، لەو ژمارەیە ٢٢٩ ٤٠٧ هاووڵاتیی نەخوێندەوار لە شاری سلێمانی، هەولێر و دهۆکدا هەبو(ڕۆشنبیری نوێ : ژ٧٣، ئاداری ١٩٧٩،ل٨٢) ماوەی ٣ساڵ دانرا بۆ کۆتاییپێهاتنی هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری(هاوکاری: ژ٧٦٦، ١٩٨٤(. هەر بەپێی سەرژمێریی ساڵی ١٩٧٧ ڕێژەی نەخوێندەواری لە پارێزگای سلێمانی ١٩٣٥٦٣ بو، بۆ ٥٣٣٣٥ مەڵبەند لەگەڵ جێبەجێکردنی یاسای خوێندنی بەزۆر لە عێراقدا لە ١٩٧٨/١٢/١توانرابو ( ٥١٧١٣) نێر و(٣٥٩٣٤) مێ پەیوەندی بە مەڵبەندەکانەوە بکەن، کە کۆی گشتی ٨٧٦٤٧ هاووڵاتی بو، بە جیاوازیی دابەشبونیان بەسەر ناوەندی شار و دەوروبەری(هاوکاری: ژ٤٣٤، ٢شەممە ١٩٧٨/٧/٢٤ ل٥).

جێبەجێکردنی یاسای نەهێشتنی نەخوێندەواری پێویستی بە ئامادەکاریی سەرەتایی هەبو لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوری پەروەردەوە بۆ ئەو پڕۆسەیە، ئەمەش کارێکی هەروا ئاسان نەبو؛ سەرەتا پرسی نەهەشتنی نەخوێندەواری ئامادەکاریی بۆکراوە:

**٤. ١ ئامادەکارییەکانی پڕۆسەی نەهێشتنی نەخوێندەواری:**

أ- ئەنجامدانی کۆبونەوە لەگەڵ دایکان و باوکان، گفتوگۆکردن سەبارەت بە ڕونکردنەوەی گرینگیدان بە خوێندنی بەزۆر لە ناو خێزانەکاندا، پێویستە ئامادەکاری بکرێت بۆ دابینکردنی گواستنەوەی خوێندکارانی دورەدەست و پێشکەشکردنی خواردن و جلوبەرگ، لەبەر خراپیی دۆخی ئابوریی هاووڵاتیان. خوێندکاران زیاتر هاندراون بۆ بەردەوامی لە خوێندن لە هەر بارودۆخێکی ئابوری، کۆمەڵایەتیدا، بەوەش ڕادەی نەخوێندەواری دابەزین بەخۆوە دەبینێت(بەیان: ژ٥٠، ١٩٧٨،ل٦). کردنەوەی پەیمانگای مامۆستایان بەپێی نەخشە و پلانی پێشوەخت ژمارەیەك مامۆستای لە خۆگرتبو لەوانە:( ئەحمەد قادر ئەحمەد لە قوتابخانەی تانجەڕۆ لە قۆناغی بنچینەیی. ڕەحیم سلێمان ئیسماعیل لە قوتابخانەی سەلاحەددین لە قۆناغی پنچینەیی قوتابخانە گەلییەکان. کەمال ئەحمەد سەعید لە قوتابخانەی کانی ئاسکان. فەرهاد ئیسساعیل سەعید لە قوتابخانەی تانجەڕۆ. عوسمان جەلال محەمەد عەلی لە قوتابخانەی پیرەمەگروون)، چونکە هەڵمەتەکە مامۆستای زیاتری پێویستبو بۆ مەڵبەندەکان((المجلس الاعلی للحمله الوطنیه الشاملة لمحوالامیة الالزامیة،ژ1206/1، 1981/4/8، ل1-2؛ هاوکاری : ژ٣٣٨، ١٩٧٦/١٠/١٣،ل١٠ ) بڕیاری خوێندنی بەزۆر، گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی و شارستانی بو؛ بە سەدان هاووڵاتی ڕویان لە مەڵبەندەکان کرد.

ب- ئامادەکردنی مامۆستای تەواو بۆ ( ٠٠٠، ٢٥٠، ١) نەخوێندەوار، لەو پێناوەدا ٤٧ هەزار مامۆستا خرایە خولی تایبەت بە نەهێشتنی نەخوێندەواری، هەرمامۆستایەك وانە بە ٣٠ نەخوێندەوار بڵێتەوە، هەر وانەیەکیش ٥٠ دەقیقە و هەفتەی ١٠ وانە وترابۆوە لە ماوەی ٥ ڕۆژدا. بۆ ئەو هەڵمەتە پێویستیان بە ٧٦٠٠٠ هەزار مامۆستا هەبو. لەو پێناوەدا لە شاری بەغداد خولێکی فراوان بۆ مامۆستایانی تایبەت بە نەهێشتنی نەخوێندەواری کرایەوە (ڕۆژی کوردستان: ژ ٥٣، بغداد، ١٩٧٩،ل٤٨)، لەوناوەندەدا سلێمانی بە ١٥ مامۆستا بە شداریی کردبو. لە درێژەی خۆئامادەکردنی مامۆستایان لە خولەکانی ڕاهێناندا، کمال مکورجی بەڕێوەبەری نەهێشتنی نەخوێندەواری لە سلێمانی ئاماژەی بەوە کرد بۆ جێبەجێکردنی یاسای نەهێشتنی نەخوێندەواری پێویستە ٣هەزار مامۆستا بخرێتە خولی ئامادەکارییەوە بۆ تەواوی پارێزگای سلێمانی(هاوکاری: ژ٤٣١، ٢شەممە ١٩٧٨/٧/٣،ل٣). دواتر بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی سلێمانی بڕیاری کردنەوەی هەشتەم و نۆیەم خولی دا، بۆ مەشقپێکردنی کادیرانی بنکەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە هەریەك لە ناوچەی چەمچەماڵ و کەلار و هەڵەبجە(هاوکاری: ژ٤٤١، ٢شەممە ١٩٧٨/٩/١٨،ل٢).

پ- لە درێژەی خۆئامادەکردنەکان بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری، ئەمینداری گشتیی پەروەردە و فێرکردنی باڵا (موسی عەبدول سەمەد)(3) ڕایگەیاند لەپێناو جێبەجێکردنی یاسای هەڵمەتی نە هێشتنی نەخوێندەواری لە ١٥ی ئایاری ١٩٧٨ لە ژێر دروشمی یاسای فێرکردنی ئیلزامی بڕیای بەستنی کۆنگرەیەك درا، ناوەرۆکی کۆنگرەکە باس لە شێوازو چۆنیەتیی بەڕێوەبردن و نەهێشتنی کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم پڕۆسەکەدەکات، لە ئەنجامدا کۆمەڵێك ڕاسپاردەی دەرکرد بۆ جێبەجێکردنی یاسای نەهێشتنی نە خوێندەواری ( ئۆتۆنۆمی:ژ1979،١، ل٣٤). بۆ زیاتر سەرخستنی یاساکە لە ٢٣ی تەمموزی ١٩٧٨، بۆ یەکەم جار لە شاری سلێمانی یەکەم کۆبونەوە لەژێر سەرپەرشتیی پارێزگاری ئەوکاتی سلێمانی ئەرشەد ئەحمەد محەمەد، ئەنجامدرا و چەند بڕیارێکی گرنگ لەوبارەیەوە دەرچو(محافظة السلیمانیة، المجلس المحلی لمحوالامیة،مکتب السکرتاریة، العدد٤، ١٩٧٨/٧/٢٣ ).

ت- ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان هەوڵەکانی خۆیان خستبوە بەرچاو لەپێناو سەرخستنی یاسای نەهێشتنی نەخوێندەواری بە هاوکاریی دەزگاکان بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵێك کۆڕ و کۆبونەوەی جەماوەری، بۆ ئاشناکردنی هاووڵاتیان بە یاسای نەهێشتنی نەخوێندەواری(هاوکاری: ژ٤٣٩، ١٩٧٨/٨/٢٨، ل٧). هەڵمەتەکە لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراقدا دەستپێپێکرد دو ملیۆن و سەد و بیست هەزار فێرخوازی ژن و پیاو بەسەر(٣٠٠٠٠)سی هەزار مەڵبەندا دابەشبون، (٧٠٠٠٠) حەفتا هەزار مامۆستا لە ڕەگەزی نێر و مێ، لە ڕێگای مەشقی تایبەتەوە ئامادەکرابون، دەستیان بە وانە وتنەوە کرد (پاشکۆی عێراق: ژ٥٠٢، ١٩٧٩/١٢/٣،ل٢)، هاوکات شانبەشانی ئەو ئامادەکارییە ١٢٤٩سەرپەرشتیار لەو هەڵمەتەدا بەشداربون (پەروەردەو زانست :ژ١٦،پایزی ١٩٧٩،ل٤).

ج- هەڵمەتەکە پێویستی بە ئابورییەکی پتەو هەبو لە ئەنجامدا( ٨٥٤٠٦٢٩) دینار لە بودجەی ساڵی ١٩٧٩ بۆ بواری پەروەردە تەرخانکرابو، لە هەمان ساڵدا بەپێی بڕیاری ژمارە ١٠٨٠ی ساڵی ١٩٧٩ بڕیاردرا سەدام حسێن سەرۆکی ئەوکاتی عێراق سەرکردایەتیی هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری بکات، بێگومان بڕیارێکی لەو جۆرە مەترسییەکی گەورەبو بۆ لایەنی پەروەردە؛ تا لەوڕێگەیەوە فێرخوازان بە فەلسەفە و

سیاسەتی حیزبی بەعس لە تەواوی وڵاتی عێراق گۆش بکات.

پاش ئەنجامدانی دووەمین کۆنفرانسی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە ساڵی ١٩٧٩، تێیدا بەڕێوەبەرە گشتییەکانی پەروەردە و نوێنەرانی رێکخراوەکان و بەڕێوەبەرەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری ئامادەبون، بەمەبەستی دانانی نەخشە رێکاکانی فێرکردن لە رێگەی تەلەفیزیۆنی پەروەردەیی هاوشانی مەڵبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری(هاوکاری: ژ ١٩٧٩/٩/٤٩٢،١٧، ل٢). پاشان لە ١ی نیسانی ساڵی ١٩٧٩ ژمارەی نەخوێندەواران لەتەواوی شارەکانی ئۆتۆنۆمی گەیشتبوە (١٩٥، ٢٢٠) فێرخواز(شەریف: ، ب.س ،ل٤).

خشتەی ژمارە (٦)

ژمارەی نەخوێندەوار لە یەکەکارگێڕییەکانی شاری سلێمانی و دەوروبەری بۆ ساڵی ١٩٧٩

| یەکەی کارگێڕی | ژ.نەخوێندەوار لە ڕەگەزی نێر | ژ.نەخوێندەوار لە ڕەگەزی مێ | ژ.پەیوەندیکەر لە ڕەگەزی نێر | ژ.پەیوەندیکەر لە ڕەگەزی مێ |
|---|---|---|---|---|
| ناوەندی سلێمانی | 9175 | ٢٠٦٨١ | ٥٣٧٩ | 11587 |
| سەرچنار | ٢١٠٠ | ٣٦٩١ | ١٥٤٦ | ٢١٩٦ |
| بازیان | ٧١٦ | ١٠٥٤ | ٤٢٣ | ٤٣٤ |
| تانجەرۆ | ١٨١٢ | ٣٠٢٠ | ١٠٠٨ | ١١٩٩ |
| قەرەداغ | ١٢١٨ | ٢١٣٩ | ٧٧٨ | ٥٢١ |

( مركز السليمانية المجلس المحلية لمحوالامية الالزامية، الاشراف والمتا بعة لعدد٦٨ ١٩٧٩/١٢/٣١ بڵاونەکراوە)، بەپێی خشتەی دیاریکراو دەرکەوتووە ناوەندی شاری سلێمانی ژمارەی نەخوێندەواری زیاترە بەراورد بە ناوچەکانی تر؛ بەهۆی زۆریی ڕێژەی دانیشتوان لە ناوەندی شار، هەروەها ڕێژەی نەخوێندەواری لە ڕەگەزی مێ بەراورد بە ڕەگەزی نێر، زیاترە. لایەنی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردی ڕەگەز زاڵبووە لەو جیاوازییەی کە هەبو لە نێوان ڕەگەزەکان لەو مێژوەدا دیاریکراوە. ژمارەی ئەو کەسانەی لە سلێمانی بەر یاسای نەهێشتنی نەخوێندەواری کەوتن بۆ ساڵانی (١٩٧٨-١٩٧٩) ٢٣١٥١هاووڵاتی بون( ڕۆشنبیری نوێ: ژ67، نیسان – مایسی ١٩٧٨، ل٦).

وەك دیارە ڕاگەیاندن ڕۆڵی بەرچاوی لە پێشخستن و گرنگیدان بە پرۆسەی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا بینیوە، لەگەڵ ئەوەشدا وتنەوەی وانە لە رێگای تەلەفیزیۆنەوە گرنگی پێدرابو؛ هەر لەو پێناوەدا گۆڤاری (پاشەرۆژ) لە مانگی شوباتی ١٩٧٨ دەرچو، بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتە پەروەردەییەکانی تایبەت بە هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری، سەرەرای دەرچونی گۆڤاری مەعریفە و ڕۆژنامەی هەڵمەت (الحملة) بۆ سەرخستنی پرۆسەکە (ڕۆژی کوردستان: ژ٥٣، ١٩٧٩، ل٤٨ )، دانانی لیژنەی تایبەت بە ناوی لیژنەی ئاهەنگ و ڕێکخستن و رۆشنبیری، کە کاریان پیشاندانی دراما و پۆستەر و پێشانگاکردنەوە بو بۆ ئامادەکردنی هاووڵاتی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری(هاوکاری: ژ ٤٣٦، ١٩٧٨، دوا لاپەرە)، دواتر لە ٨ی ئەیلولی ١٩٧٨ کۆڕێك بە زمانی کوردی لە تەلەفیزیۆنی تەئمیمەوە بڵاوکرایەوە بەهاوکاریی سەندیکای مامۆستایانی سلێمانی، لەگەڵ ئەوەشدا پیشاندانی فیلمی سینەما لە هەریەك

لە مەڵبەندەکانی گوڵاڵە و قەدەمخێری ئافرەتان و هاوار(هاوکاری: ژ٤٤٦، ١٩٧٨/١٠/٢٣ ،ل٢)، هەر بۆ ئەم مەبەستە لیژنەکانی ڕاگەیاندن بەردەوامبون لە چالاکییەکانیان و لە یاریگای سلێمانی بە بەشداریی هەزاران هاووڵاتی ئاهەنگی دەستپێکردنی هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەوارییان سازکرد(هاوکاری: ژ٤٥٣، ١٩٧٨/١٢/١٨ ،ل٢).

لەپێناو زیاتر ئاشناکردنی هاووڵاتیان بە هەڵمەتەکە لە ساڵیادی یاسای بەزۆرخوێندندا ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرێتیی نەهێشتنی نەخوێندەواری بە ئامادەبونی (جەمال فەتاح) بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە سلێمانی پێشانگایەکی تایبەتی لەمەڕ چالاکی و جموجۆڵی هەڵمەتەکە کردەوە(هاوکاری: ژ٤٤١، ١٩٧٨/٩/١٨ ،ل٢). (ئیبراهیم موستەفا) جێگری بەڕێوەبەری نەهێشتنی نەخوێندەواری ڕایگەیاند: دوای تێپەڕبونی ساڵێك بەسەر یاسای بەزۆرخوێندن توانرابو ١٢٩١ مەڵبەندی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە سلێمانی بکرێتەوە، لەو ژمارەیە ٧٦٤ مەڵبەندیان تایبەت کرابو بە پیاوان و ٢٨٠ یان بۆ ژنان و ١٤٧ مەڵبەندیشیان تێکەڵاو بو(هاوکاری : ژ٥٠٣، ١٩٧٩/١٢/١٠ ،ل٥) ژمارەی ئەو نەخوێندەوارانەی کە لە بنکەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری دەوامیان کردوە تا ٢٣ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٨ (٤١٧٤٢) فێرخوازی نێر و مێ بون، بەڵام ژمارەی مامۆستا و فێرخواز و بنکەکان گۆڕانکارییان بەسەرداهات، بە جۆرێك لە ١ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٨ بەشی یەکەم لە فێرخوازان بەرەو بنکەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری کەوتنە رێگاو لە سلێمانی (٩٣٤١٥) فێرخواز لە ڕەگەزی نێر و مێ دەستیان بە خوێندن کرد، لەو ژمارەیە ٤٥٧٩٣ نێر و ٣٧٣٤٢مێ بون، لە هەمان کاتدا ٢٥٩٠ مامۆستای کوڕ و کچ ڕاهێنانیان ئەنجام دابو، هاوکات ١٨ سەرپەرشتیارلە هەردو ڕەگەز بەشداربون، ١٠ پسپۆڕی پەروەردەیی ڕاهێنرابون. ئەو گۆڕانکارییانە لە ژمارەدا دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە گرنگی بە گرفتی نەهێشتنی نەخوێندەواری درابو. (ئۆتۆنۆمی: ژ١ ،ل٣٤). بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە پێویست بو مامۆستایان خولی جۆراوجۆر وەربگرن لە بوا ی سایکۆلۆژی و کارگێڕی و ڕێکاکانی وانە وتنەوە، لە تەواوی وڵاتدا بۆ ئەومەبەستە توانرا ٧٧٤٤٤ لەگەڵ ٩٢٣ سەرپەرشتیار ڕاهێنانیان پێبکرێت هەروەها ئامادەکردنی کادیری بواری ڕاگەیاندن بەتایبەتی تەلەفزیۆن(ڕۆژی کوردستان:ژ ١٩٨٠،٥٨،ل٢٥).

ژمارەی ئەو نەخوێندەوارانەی لە بنکەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواریی وەك:(سەربەستی، هیوا، ئازادی، ڕاپەڕین، کوردستان، شۆڕش، بابان، پیرەمەگرون، جمهوری، ئەزمەڕ، گەلاوێژ، هیتر...) کە دەوامیان کردووە تا ٢٣ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٨ (٤١٧٤٢) فێرخوازی کوڕو کچ بون، بەڵام ژمارەی مامۆستا و فێرخواز و بنکەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هات، بە جۆرێك دوای تێپەڕبونی ساڵێك بەسەر یاسای نەهێشتنی نەخوێندەواری، لە سلێمانی ١٩٣٢ هاووڵاتی لە ٩٣٢ بنکەدا دەیانخوێند(هاوکاری: ژ٤٧٦، ١٩٧٩/٥/٢٨، ل٢) ، لە ساڵی ١٩٧٩ ژمارەی مەڵبەندەکان لە تەواوی سلێمانی گەیشتە ١٠٠٤ مەڵبەند و 79237 فێرخوازبون (هاوکاری: ژ٤٧٦، ١٩٧٩/٥/٢٨، ل٢)، ئەوەی جێگای باسە تاقیکردنەوەی هەڵمەتی نیشتمانیی گشتیی نەهێشتنی نەخوێندەواری تەوزیمی(ئیجباری) لە عێراق بە قۆناغی بنچینەیی، تەواوکاری، قوتابخانە میللیەکان (گەلییەکان) کۆتایی هاتبو، خوێندن لەو سێ قۆناغە ماوەی ٣٦ مانگ بەردەوام بو،١٤ مانگ بۆ هەریەك لە قۆناغی بنچینەیی و تەواوکاری و ٢٢ مانگ تایبەت بە قوتابخانە گەلیەکان بو،

هەرچەندە فێرخواز ســـەربەســـت بو لە درێژەدان بە خوێندن لە قۆناغی یەكەمی ناوەندی و قۆناغەكانی سەروتریش(ئۆتۆنۆمی: ژ١، ١٩٧٩، ل٣٤).

بەردەوامیی هەوڵەكانی مامۆستایانی مەڵبەندەكان وایكرد ساڵی ١٩٨١ لەلایەن دكتۆر (ناجح محەمەد خەلیل) لە هاوینەهەواری ســەلاحەدین، ڕێزلێنان بە ٣٠ مامۆســتا لە تەواوی ناوچە كوردیەكان بدرێت (المديرية العامة للتربية الســليمانية، العدد ١، ١٩٨٠/١/١٥ ؛ هاوكاری: ژ،٤٩٢، ١٩٧٩/٩/١٧، ل٢)، لە هەمان ســاڵدا لەلایەن جێگری سـەرۆكوەزیرانی عێراق سـەرۆكی ئەنجومەنی باڵای سـەر بە هەڵمەتی نیشــتیمانیی نەهێشــتنی نەخوێندەواری (تاریق عەزیز)، بڕیاری خەڵاتكردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نەهێشـــتنی نەخوێندەواریی ســـلێمانیی دا، خەڵاتەكان لە لایەن پارێزگاری ســـلێمانی (جەعفەر عەبدولكەریم بەرزنجی)[4] دابەشـــكرا(هاوكاری: ژ٥٨٦،/ ٥/٧ /١٩٨١، ل٣).

زۆرینەی فێرخوازان توانییـان قۆناغی بنچینەیی و تەواوكاری ببڕن، بەڵام ئـارەزوی ئەوەیان دەكرد درێژە بە خوێندن بدەن، بۆ ئەو مەبەســتە ئەنجومەنی سـەركردایەتی لە عێراق بڕیاری دامەزرانـدنی قوتابخـانە میللییەكانی دا، بڕیار وابو كـە لە ١ی كانونی یەكەمی ســـاڵی ١٩٨١ كۆتایی بە نەخوێندەواری بهێنرێت، بۆ تەمەنی نێوان ( ١٥-٤٥) ســـاڵی لە تەواوی عێراقـدا(هـاوكاری : ژ ٤٥٠، ١٩٧٨/١١/٢٧،ل٤)، هەرچەندە ســـاڵی ١٩٧٧ لە یادی ڕۆژی نەهێشـــتنی نەخوێندەواریدا لە ڕۆژنامەی هاوكاری ئاماژە بەوەكرابو بۆ لە ڕیشەكێشكردنی نەخوێندەواری تا ساڵی١٩٨٢ دانرابو (هاوكاری: ژ٣٨٥، ١٩٧٧/٩/١٤).

## ٢.٤ ڕۆڵی قوتابخانە میللییەكان (گەلییەكان)

دوای ئەوەی لە عێراقدا یاســـای خوێندنی بەزۆر جێبەجێكرا، لە ئەنجامدا ٢ملیون قوتابی كۆتاییان بە قۆناغی بنەڕەتی و تەواوكاری هێنا، توانییان نوســـین و خوێندنەوە بەدەســتبهێنن، ژمارە شـیبكەنەوە، هەربۆیە بۆ درێژەدانی پەروەردەیەكی هەمیشــەیی ســەرەتای هەنگاونان بۆ كردنەوەی قوتابخانە میللییەكان دەسـتپێكرد، وەك نمونەیەكی تەواوكاری بۆ قۆناغی نەهێشــتنی نەخوێنـدەواری بـەتایبـەت ئەو هـاووڵاتیـانەی ئیشـــوكارەكانیـان ڕێگربون بتوانن درێژە بەخوێنـدن بـدەن(هـاوكاری: ژ ٥٣٩، ١٩٨٠/٨/٢٥،ل٢)، قوتابخـانە گەلییەكان بەپێی بڕگەی ژمـارە (١) لە بڕیاری ئەنجومەنی ســـەركردایەتی بەپێی بڕیاری ژمـارە (٤٩٦) لە (١٩٧٩/٤/١٩)، بۆ دەرچوانی قۆناغی بنچینەیی و تەواوكاری، كە هەڵگری بڕوانامەی قۆناغی ســەرەتایی بون، كرانەوە؛ دوای ١٦ مانگ بەشی یەكەمیان لێدەردەچێت(صـــوت الطلبة: العدد ١٣٢ ،تشرـــین الاول ١٩٧٩ ،ص٥٢) هـاوكات ژمـارە ١٧٥٥ی لە ١٨ی كانونی یەكەمی ١٩٧٩ دەركرد، تێیـدا ژمـارەیـك ڕاســـپـاردە خرایـەڕو؛ پێویســـــت بو هێزەچەكدارەكان و ئاســـایش و ئەو فێرخوازانەی قۆناغی تەواوكارییان تەواوكردووە و تەمەنیان لە نێوان( ١٥-٤٥) ساڵی دایە، لە قوتابخانە میللییەكاندا بەشداربن ، ئەوكات لەدایكبوانی ســـاڵانی ( ١٩٤٤-١٩٤٥) دەگرتەوە، ئەمە ئاماژەدان بو ســیســـتمی قوتابخانە میللییەكان، ئەگەر ژن و مێرد هەردوكیان یاساكە بیانگرێتەوە، ئەوا یەكێكیان لە خوێندن بەردەوام دەبێت و ئەوی تریان دوادەخرا بۆ دواتر(هاوكاری، ژ ٥٠٩، ١٩٨٠/١/٢١، ل٢).

وەرگیرانی فێرخوازان لە قوتابخانە میللییەكان بەپێی قۆناغەكان بو، لە ناوشـاری سلێمانی و دەوروبەری ژمارەیەك بنكەی نەهێشـتنی نەخوێندەواری هەبو، تێیدا ناو و ژمارەی فێرخوازان و پۆلەكان دیاریكرابو[5]، پاشـــان لە قوتابخانە میللییەكاندا چەند وانەیەكی پیشـــەیی دەخوێندرا وەك (میكانیك، ئۆتۆمبێل، كارەبایی، فێركاریی چاپەمەنیەكان). ژنانیش ئەوا فێری كاری ناوماڵ، منداڵ پەروەردەكردن دەكران، لەپاڵ وانە پیشـییەكان، بـیركاری، زانیـاری، تەنـدروســـتی، ئـایـن دەخـوێـنـدرا (هـاوكاری:ژ٤٩٠، ١٩٧٩/٩/٣،ل٥)، لە دوای ١ی ئاداری ١٩٨٠ ئەو فێرخوازانەی هەردو قۆناغی بنەڕەتی و تەواوكارییـان تەواوكردبو، ڕویان كردە قوتابخـانە میللییەكان كە ژمـارەیان لە شاری سلێمانی ٤١٠٦٢پیاو ٤٥٥١١ ژن بو (عبدالصمد: ژ١٣، ١٩٧٧، ل٥٣).

لە ئەنجامی جێبەجێكردنی یاســـای خوێندنی بەزۆر لە تەواوی عێراقدا بارودۆخی پەروەردە گۆڕانكاریی بەســـەرداهات، لە ڕوی چەندایەتی و چۆنایەتی لە تێكڕای ١٨ پارێزگا، ١٢ پارێزگا توانیان لە١٠٠٪ هاووڵاتیان بۆ خوێندن ڕاكێشن، سلێمانی لە نێو پارێزگاكاندا بو(پەروەردە و زانست،:ژ١٦، پایزی ١٩٧٩، ل٤)، بەوپێیە سلێمانی بۆ سـاڵی خوێندنی ١٩٧٩ پێشـوازی لە ٢٦ هەزارو ١٧٣ منداڵی كوڕو كچ كردووە كە یاســـای خوێندنی بەزۆر دەیانگرێتەوە، بۆیە لە تەواوی پارێزگاكەدا ٦٢ قوتابخانەی ســـەرەتایی كراوەتەوە، ٢٥٠ مامۆســـتای ژن و پیاو دامەزرابون لەو ســـاڵەدا بوبە ٤هەزارو ٧٨٤ مامۆســـتا (هاوكاری : ژ٤٩٥، ٢شــەممە ١٩٧٩/١٠/٨). توانرا لە بودجەی ســـاڵی ١٩٨٠ (١٦٦،٧٢٠٠٠٠) ملیون دینار هاوشـــانی یەدەگی ٣٣ ملیون دینـار، بۆ بواری پەروەردە دابنرێـت(ڕۆژی كوردســـتـان: ژ٥٨، ئـازاری ١٩٨٠،ل ٢٨).

دەسـتپێكی جەنگی عێراق – ئێران لە سـاڵی ١٩٨٠ بۆتە هۆی وەسـتانی خوێندن لە مەڵبەندەكانی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە سلێمانی، بۆماوەی ٧ مانگ، دواتر خوێندن لە مەڵبەندەكان دەســـتپێكردەوە. لە ســـاڵی ١٩٨١ (جەمال فەتاح) بەڕێوەبەری نەهێشـــتنی نەخوێندەواری لە پارێزگای ســـلێمانی دەربارەی ماوەی ڕاوەســـتاندنی خوێندن لە مەڵبەندەكانی نەهێشـــتنی نەخوێندەواری بە هۆی جەنگی عێراق ئێرانەوە ڕایگەیاند دوای ماوەیەك وەســتاندنی خوێندن لەو مەڵبەندانە لە ١٩٨٠ /١٢/٢٠ ، بڕیاری دەســـتپێكردنەوەی خوێنـدن درا لە ســـەرجەم مەڵبەنـدەكانی نەهێشـــتنی نەخوێندەواری لە پارێزگای ســـلێمانیدا. حیزبی بەعس داوای لە مەڵبەندەكان كرد كە خوێندن بە جەنگی قادســیەی ســەدام ببەســتێتەوە، ئەگەر چی ســاردییەك لەلای بەشـــداربوانی نەهێشـــتنی نەخوێنـدەواری دروســـتبو، بۆیە جـارێكی تر وەك ئاگاداركردنەوەیەك بو بۆ هاونیشــتمانیان و چونەوەیان بۆ مەڵبەندەكانی نەهێشـــتنی نەخوێندەواری ئەگەر چی پێداویستییەكانی مامۆستا لە ئاستێكی باشتردا نەبو لە ڕوی دابینكردنی ئۆتۆمبێلی تایبەت بە گواستنەوەیان و كەمیی سـەرپەرشـتیاری پەروەردەیی لە ناو مەڵبەنـدەكانـدا، دواتر ٤١ هەزارو ١٣٣ فێرخواز لە پیـا و ژن چونەوە ٤٧٠ مەڵبەند لە قوتابخانە میللییەكان تایبەت بە پیاوان و ٢٣٨ مەڵبەند و قوتابخانەی ژنان خوێندنی تێدا ئەنجام درا. لە هەمانكاتدا چەندەها چالاكیی جۆراوجۆر ئەنجامدرا بە بۆنەی دوبارە دەســـتپێكردنەوەی خوێندن لە مەڵبەندەكانی شـــاردا (كەریم: ژ٦٠٤، ١٩٨١/٩/١٧، ل٢؛ المجلس المحليـة لمحوالاميـة الالـزاميـة، العـدد١٦٠، ١٩٨٠/٨/٢٨).

لە پارێزگای سلێمانی قوتابخانە میللییەكان سەرپەرشتیاری تایبەتی بۆ دادەنرا، كە بەپێی كاتی دیاریكراو ســـەردانی دەكردن و ڕاپۆرتی مانگانەی ئامادە دەكرد و ئاراســـتەی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی ســـلێمانی دەكرا. یەك لە ڕاپۆرتە ئـاراســـتەكراوەكان بۆ بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی سـلێمانی، ئاماژە بە بە چەند زانیارییەك دەكات سـەبارەت بە ژمارەی فێرخوازان، چەندایەتیی پەیوەندیكردنی فێرخوازان، ڕۆژانی نەهاتنیان ئاستی زانســـتیی فێرخوازان، ژمارەی مامۆســـتای بەردەوام بۆ مەڵبەندەكانی نەهێشـــتنی نەخوێندەواری. لەو ڕێگەیەوە توانراوە تاڕادەیەك كەموكورتیی مەڵبەندەكان بزانرێت، لە

هەمـانکاتـدا ڕێگـاچـارەی بۆ بـدۆزرێتەوە، لەدوای دوبارە کردنەوەی مەڵبەنـدەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە شـاری سلێمانی، ژمارەی فێرخوازانی قوتابخانە میللییەکان بەو شێوازەی خشتەی خوارەوە بو :-

خشتەی ژمارە (٧)

ژمارەی مەڵبەندەکان و فێرخوازان لە ڕەگەزی نێر و مێ لە تەواوی پارێزگای سـلێمانی بۆ ساڵی ١٩٨١

| یەکەی ئیداری | ژ.مەڵبەندی پیاوان | ژ.مەڵبەندی ژنان | ژ.مەڵبەندی تێکەڵاو | کۆی گشتی | ژ.نێر | ژ.مێ | کۆی گشتی | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | ٣٤ | ٤٧ | ٢ | ٨٣ | ٢٨١٠ | ٣٠٤٨ | ٥٨٥٨ | %٤١ |
| تانجەرۆ | ١٠ | - | ٢٠ | ٣٠ | ٥٦٦ | ٨٢٨ | ١٣٨٤ | %٥٨ |
| قەرەداغ | ١٤ | ٣ | ١ | ١٨ | ٣٦١ | ٤٥٢ | ٨١٣ | %٣٦ |
| بازیان | ٢ | ٣ | - | کێربی | ٦٩ | ٣٤٣ | ٤١٢ | %١٧ |
| سەرچنار | ٤٠ | ٢٧ | ٦ | ٧٣ | ١١٣٦ | ١١٥٤ | ٢٢٩٠ | %٥٤ |
| هەڵەبجە | ٤ | ٦ | - | ١٠ | ٢٨١ | ٢٥٢ | ٥٣٣ | %١٧ |
| سیروان | ١ | ٣ | - | ٤ | ٢٧ | ٨٨ | ١١٥ | %٣ |
| شارەزور | ١ | ٦ | - | ٧ | ١٧ | ١٣٣ | ١٥٠ | %٤ |
| ناڵپارێز | ١ | ١ | - | ٢ | ١٧٠ | ٥٧ | ٢٢٧ | - |
| شارباژێر | ٧ | ٤ | - | ١١ | ٣٩٣ | ٢٩٠ | ٦٨٣ | %٢٩ |
| کارێزە | ٣ | ٣ | - | ٦ | ٢٩٨ | ٤٠٠ | ٦٩٨ | %٤٢ |
| سورچك | ١٣ | ١ | ١ | ١٥ | ٤١٧ | ١٩٥ | ٦١٢ | %٥٠ |
| کەناروێ | ٤ | ٣ | - | ٧ | ١٤٣ | ٢٧١ | ٤١٤ | %٦٩ |
| پشدەر | ٨ | ٣ | - | ١٠ | ٥٠٨ | ٥٣ | ٥٦١ | %٢٢ |
| ناودەشت | ٩ | کێربی | ١ | ١٥ | ٧٥٤ | ١٢١ | ٨٧٥ | %٤٧ |
| ڕانیە | ٢ | ١ | - | ٣ | ٤١٠ | ١٨١ | ٥٩١ | %٥٢ |
| چوارقوڕنە | ٣ | - | - | ٣ | ٤٦٨ | - | ٤٦٨ | %٢٨ |
| بێتواتە | - | - | - | - | - | - | - | - |
| دوکان | ١٠ | ٧ | - | ١٧ | ٣٥٤ | ٣١٩ | ٦٧٣ | %٦٦ |
| سورداش | ٣ | ١ | - | ٤ | ٣٤ | ٣٩ | ٧٣ | %٤ |
| چناران | ١ | ٢ | - | ٣ | ٤١ | ٢٢٤ | ٢٦٥ | %١٧ |
| بنگرد | ٩ | ١ | - | ١٠ | ٢٦٣ | ٩٨ | ٣٦١ | %٣٩ |
| دەربەندیخان | کێربی | کێربی | ٤ | ١٤ | ٧٠٣ | ١٣٣٧ | ٢٠٤٠ | %٨٣ |
| زەڕایەن | ٢ | ٦ | ٢ | ١٠ | ٢٦٢ | ٣٩١ | ٦٥٣ | %٤٣ |
| چەمچەماڵ | ٩ | ١٦ | - | ٢٥ | ٥٥٦ | ٨٣٦ | ١٣٩٢ | %٢٥ |
| ئاغجەلەر | کێربی | ٣ | - | ٨ | ١٩٤ | ٢٨٧ | ٤٨١ | %٢٠ |
| سەنگاو | ١ | ٢ | - | ٣ | ١٢٠ | ١٤٠ | ٢٦٠ | %٢٠ |
| کەلار | ١٤ | ١١ | - | ٢٥ | ٤٨٢ | ٧٢٩ | ١٢١١ | %٣١ |
| تیلەکۆ | ١٤ | - | - | ١٤ | ٢٤٤ | - | ٢٤٤ | %٣٢ |
| پێباز | ١ | ٢ | - | ٣ | ١٦ | ٧٠ | ٨٦ | %٤ |

(مدیریة محو الامیة الالزامی فی محافظة السلیمانیة، العدد١٦٥٣، ١٩٨٢/٤/٢٤).

بەپێی خشتەی دیاریکراو دەرکەوتووە لە ناوەندی شارۆچکەکان و دەوروبەریان جیاوازی لە ژمارەی بنکەی نێر و مێ هەبوە، یاخود هەندێك لەو شارۆچکانە هیچ مەڵبەندێك بۆ ڕەگەزی مێ نەکراوەتەوە، بێگومان ئەو دۆخە پەیوەستە بە لایەنی کۆمەڵایەتیی کوردستان بەکەمی ڕەگەزی مێینە خراوەتە بەرخوێندن.

## ٥.ئەنجام

لە کۆتاییدا گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:-

.1 نەخوێندەواری لە ڕابردودا گرفتێکی ترسناك بو کە باڵی بەسەر تەواوی کۆمەڵگەی عێراق کێشابو، لە هەمان کاتدا هۆکارێکی سەرەکیش بو لە دواکەوتنی بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و مرۆیی، سەرەڕای ئەوەی بەربڵاویی دابەشبونی دانیشتوانی عێراق بەسەر ناوچە جوگرافییە جیاوازەکان، وایکردبو لە یەك کات و لەیەك ئاستدا نەتوانرێت قۆرغکاریی نەهێشتنی نەخوێندەواری کۆتایی پێ بهێنرێت.

.2 دەوڵەتی عێرق لە ساڵی ١٩٧٨ بڕیاری ژمارەی (٩٢) ی سەبارەت بە پرۆسەی خوێندنی ئیلزامی نەهێشتنی نەخوێندەواری دەرکرد، ئەمەش خاڵێکی وەرچەرخان بو بۆ شاری سلێمانی و دەوروبەری، بەتایبەتی دوای دەرچونی ژمارەیەك یاسا و ڕێنمایی زۆر تایبەت بە نەهێشتنی نەخوێندەواری و خوێندنی زۆرەملێ.

.3 وەك دیارە لە تەواوی عێراقدا جیاوازییەکی زۆر لە دابینکردنی خەرجی بۆ پارێزگاکان بە دیدەکرا ، بەو هۆیەوە بنکەکانی خوێندنی شاری سلێمانی و دەوروبەری بەدەست ئەو گرفتە کۆمەڵایەتییەوە دەیانناڵاند، هەمیشە عێراق وەك وڵاتێکی تازەگەشەسەندو گرفتی جۆاوجۆری لەبەردەم فێرخوازان و بنکەکان و مامۆستایان و سەرپەرشتیاران هەبو، بۆیە هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری کۆسپ و تەگەرەی زۆر لە پێش بو، بەتایبیەتی لە کاتی جێبەجێکردنی بەرنامەکانی وانە وتنەوە و توانای خوێندکاران و دانانی پرۆگرامەکانی خوێندن.

.4 لە عێراق و سلێمانی خوێندنی تەوزیی(ئیجباری)بۆ منداڵان شانبەشانی خوێندنی تەوزیی بۆ گەورە لە نێوان تەمەنی( ١٥-٤٥ ) ساڵان دەستی پێکرد، ئەمەش بووە هۆی بنبڕکردنی سەرچاوەکانی نەخوێندەواری و کەمکردنەوەی کۆسپ لە ڕێگای نەهێشتنی نەخوێندەواری لە ناوچەکەدا.

.5 جگە لەوانەی باسمان کرد، هۆکاری جیاوازیی کۆمەڵایەتی ببوە هۆی دروستبونی جیاوازی لە زۆر و کەمیی ڕێژەی نەخوێندەواری، بەتایبەتی لە نێوان ڕەگەزی نێرو مێدا، ئەمەش وایکرد لە شاری سلێمانی و دەوروبەری بەگشتی ڕێژەی نەخوێدەوار لەناو ڕەگەزی مێدا زیاتر بێت.

## ٦. پەراوێزەکان

(١) مەتی یوسف حنا عەقراوی : لە ٩ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٠١ لە شاری موسڵ لە خێزانێکی مەسیحی لە دایك بوە ، لە ساڵی ١٩٨٢ کۆچی دوای کردوە، بۆ زانیاری زیاتر بروانە:( الجابری: . ٢٠١٣ ،ص٣١).

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بروانە پاشکۆی ژمارە) ١.(

(٣) موسا سەمەد :(١٩١٩-١٩٨٦) نوسەر و چالاکوانی سیاسی وەرگێری کورد بو، لە ساڵی ١٩١٩ لە هەولێر لەدایکبووە. قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندیی لەوێ تەواوکردووە، لەبەر ئەوەی دایکی زو مردووە و باوکیشی بەتەمەن بوە، ناچار لە (خانەی بەرزی مامۆستایان -دار المعلمین العالیة) وەرگیراوە، لە ساڵی ١٩٣٩ بووە بە مامۆستای قوتابخانەی دواناوەندیی هەولێر دامەزراوە. پاشان گواستراوەتەوە بۆ قوتابخانەی دواناوەندیی سلێمانی لە ساڵی ١٩٥٥ بۆ شاری عیمارە گوازراوەتەوە ساڵێك ماوەتەوە. پاشان براوەتە کەرکوک، پاش ماوەیەکی کورت کراوە بە بەڕێوەبەری مەعاریفی هەولێر (١٩٥٧-١)، لەساڵی (١٩٦٠) بە بەڕێوەبەری مەعاریفی سلێمانی دامەزراوە، دواجار لە ڕۆژی ١٩٨٦/٦/٢٠ کۆچی دوایی کردووە(بابان، 1998،

.(498

(٤) جەعفەر شێخ عەبدولکەریم بەرزنجی: لە ساڵی ١٩٣٨ لەقادرکەرەم لەدایکبووە، لە ساڵانی (١٩٨١-١٩٨٩) پارێزگاری سلێمانی بووە، لەرۆژگارێکدا پارێزگاری سلێمانی بو، کە بەعس بەوپەڕی توندوتیژییەوە حوکمی کوردستانی کرد، ساڵی 1990، پلەی بەرز دەکرێتەوە و دەکرێت بەسەرۆکی "مەجلیسی تەنفیزی حوکمی زاتی، دواجار لە رۆژی ٢٠٢٤/٧/٢٦ کۆچی دوای کرد . https://www.awene.com/detail?article=108977

(٥) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە)٢.(

## سەرچاوەکان و ژێدەرەکان


شریف، عەبدولستار تاهیر (١٩٧٩). لێکۆڵینەوە لە بابەت قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری تەوزیی، ب، س،چ، لە بڵاوکراوەکانی شۆڕش.

صدیق، سنور سەباح (٢٠٢٢). خوێندنی فەرمی لە شاری هەولێر١٩٥٨-١٩٨٠، توێژینەوەیەکی مێژوویی بەڵگەنامەییە، چاپخانەی التفسیر ،هەولێر.

عبدلله، دانا راغب (٢٠٢٤). پرۆسەی نەهێشتنی نەخوێندەواری( محوالامیة) لە عێراق ١٩٦٨-١٩٧٩، زانکۆی سلێمانی، کۆلیجی پەروەردەی بنەرەتی.

مستەفا، سۆزان کەریم (٢٠٠٧). بەعسیزم وکورد، توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسی یە، ١٩٤٧-١٩٧٥ ،بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری(ی.ن.ك)، چاپی یەکەم، سلێمانی.

عبدالصمد: موسی پێشکەوتی پەروەردەوفێرکردن لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە ساڵانی ١٩٧٤- ١٩٨٠، پەروەردەوزانست : ژمارە ١٣، ١٩٧٧.

کۆکل: کمال. دەربارەی خەباتی نیشتیمانی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە پارێزگای سلیمانی، ئۆتۆنۆمی،ژمارە ٤، ساڵی سێیەم،١٩٧٨.

بەیان: ژمارە ٥٠، ١٩٧٨وەزارەتی راگەیاندنی بەغدا.

پەروەردەوزانست: محی الدین صابر،ژمارە١٦، ١٩٧٩.

پەروەردەو زانست :ژمارە ٣، ١٩٧١.

حکومی زاتی: ژمارە٤، ساڵی سێیەم،١٩٧٨

دوارۆژ:ژمارە ٢،بەغداد، تشرینی یەکەمی ١٩٧٩.

رۆژی کوردستان: ژمارە ٥٣ ،بەغداد.، ١٩٧٩.

رۆژی کوردستان:٥٨،ئازاری ١٩٧٣.

رۆشنبیری نوێ: ژمارە ٧٣، ئاداری ١٩٧٣.

رۆشنبیری نوێ: ژمارە٦٧،نیسان- مایس ١٩٧٨.

ئۆتۆنۆمی: ژمارە ، ١، ساڵی چوارەم ١٩٧٩.

هاوکاری: ژمارە ٤١، ١٩٧٠/١٠/١٧.

هاوکاری: ژمارە٤٤، ١٩٧٠/١١/١٧.

هاوکاری:ژمارە ٤٥٠، ١٩٧٨/١١/٢٧.

هاوکاری: ژمارە ٣٨٥، ١٩٧٧/٩/١٤

هاوکاری: ژمارە٤٤٠، ١٩٧٨/٩/١١.

هاوکاری: ژمارە ٣٠٤، ١٩٧٦/٢/١٣.

هاوکاری: ژمارە ٤٢٨، ١٩٧٩/٥/٢٩.

هاوکاری: ژمارە ٢٩٣، ٢١-١٩٧٥/١١/٢٨.

هاوکاری: ژمارە ٢٨٤، ١٢-١٩٧٥/٩/١٩.

هاوکاری: ژمارە ٢٨٧، ١٩٧٥/١٠/٣.

هاوکاری: ژمارە ٢٧٦، ١٨-١٩٧٥/٧/٢٥.

هاوکاری:ژمارە٢٩٠، ١٩٧٥/١٠/٧.

هاوکاری: ژمارە ٢٦٣، ١٩٧٥/٤/١٨

هاوکاری: ژمارە ٢٠٩، ١٩٧٣/٣/١٥.

هاوکاری: ژمارە ١٩٧، ١٩٧٣/١٢/١٤

هاوکاری: ژمارە ٢٥٠، ١٩٧٥/١/١٧.

هاوکاری :ژمارە ٢٧٠، ١٩٧٥.

هاوکاری: ژمارە ٢٥٨، ١٩٧٥/٣/١٤

هاوکاری: ژمارە ٤٤٨، ١٩٧٨/١١/٦.

هاوکاری: ژمارە ١٦٣، ١٩٧٣/٤/٢٠.

هاوکاری: ژمارە٥١١، ١٩٨٠/٢/٤.

هاوکاری: ژمارە٥٣٢، ١٩٨٠/٦/٣٠

هاوکاری: ژمارە ٧٦٦، ١٩٨٤

هاوکاری: ژمارە٤٣٤، ١٩٧٨/٧/٢٤.

هاوکاری: ژمارە،٣٣٨/ ١٩٧٦/١٠/١٣.

هاوکاری: ژمارە ٤٣١، ١٩٧٨/٧/٣.

هاوکاری:ژمارە ٤٤١، ١٩٧٨/٩/١٨.

هاوکاری: ژمارە٤٣٩، ١٩٧٨/٨/٢٨

هاوکاری: ژمارە٤٩٢، ١٩٧٩/٩/١٧

هاوکاری: ژمارە٤٣٦، ١٩٧٨.

هاوکاری: ژمارە٤٤٦، ١٩٧٨/١٠/٢٣.

هاوکاری: ژمارە٤٥٣، ١٩٧٨/١٢/١٨

هاوکاری: ژمارە ٤٤١، ١٩٧٨/٩/١٨

هاوکاری: ژمارە ٥٠٣، ١٩٧٩/١٢/١٠.

هاوکاری: ژمارە ٤٧٦، 1979/8/28

هاوکاری: ژمارە ٤٩٢، ١٩٧٩/٩/١٧

هاوکاری: ژمارە٥٣٩، ١٩٨٠/٨/٢٥

هاوکاری: ژمارە ٥٠٩، ١٩٨٠/١/٢١

هاوکاری: ژمارە ٤٩٥، ١٩٧٩/١٠/٨

هاوکاری:ژمارە ٦٠٤، ١٩٨١/٩/١٧.

(https://www.awene.com/detail?article=108977).

بابان، جمال (١٩٩٨). أعلام الكرد،ج2، دار ئاراس للطباعه والنشر، اربيل.

الجابری، شیرن رحیم کریم (٢٠١٣). متی عقراوی ودورەو الفكری والتربوی فی العراق ١٩٠١-١٩٨٢،بغداد.

الجمهورية العراقية- قضاء مركز السليمانية المجلس المحلية لمحو الأمية الالزامية، العدد١٦٠، ١٩٨٠/٨/٢٨.

الجمهورية العراقية- قضاء مركز السليمانية: المجلس الاعلى للحملة الوطنية الشاملة لمحوالامية الالزامی، مديرية محو الامية الالزامی فی محافضة السليمانية، العدد١٦٥٣، ١٩٨٢/٤/٢٤.

الجمهورية العراقية محافضة السليمانية المجلس المحلی لمحو الامية مكتب السكرتارية ، ١٩٧٨/٧/٢٢

الجمهورية العراقية وزارة التخطيط دائرة الاحساء الإجتماعی: التعليم الابتدائی والثانوي في العراق للعام دراسي ١٩٧٥-١٩٧٦.

الجمهورية العراقية وزارة التربية: انجازات وزارة التربية فی العام السادس لثورة ١٧تموز ١٩٦٨.

الجمهورية العراقية، مديرية محو الامية الالزامی السليمانية الاشراف وامتابعة،د.ت.

الجمهوريه العراقيه قضاء مركز السليمانية: المجلس المحلية لمحوالامية الالزامية، الاشراف والمتا بعة لعدد٦٨ ١٩٧٩/١٢/٣١.

السعيدی، محمد، نائل و محمود عبدالمنعم جاسم (١٩٧٨). مشكلة الامية والتنمية والثقافة العامة فی صفوف محو الاميڤه،الطبعة الاولی،مطبعة النجف

سيرة الحملة الوطنية الشاملة لمحو الامية الالزامی محافضة السليمانية، مشاكيل العامة علی طريق سيرة الحملة الوطنية.د.ت.

عقراوی : متی . ١٩٣٨، مشروع التعليم الاجباری فی العراق،طبعة الاولی، مطبعة الجزيرة، بغداد.،

المجلس الاعلی للحملهة الوطنية الشاملة لمحو الأمية الالزامية، قضاء مركز السليمانية ، العدد ١٢٠٦/١، ١٩٨١/٤/٨

الهلالی، عبدالرزاق (٢٠٠٠). تاريخ التعليم فی العراق فی عهد الانتداب البريطانی ١٩٢١-١٩٣٢، طبعة الاول، بغداد.

ابراهيم: يوسف حنا.د.ن، صعوبات الدارسين والمعلمين والمشريفين فی مشروع محوالامية الالزامی فی قضاء الحمدانية، المعلم الجديد، المجلد ٤٠،جزء الثانی.

الثقافة الجديدة:عدد٤٣،كانون الاول ١٩٧٢.

حمدون، غانم (١٩٧٢). مقارنة فی التعليم بين اوزبكستان والعراق، الثقافة الجديدة،عدد٤٣،كانون الاول.

دراسات الاجيال: العدد٤،السنة الخامسة، كانون الاول ١٩٨٤.

الراوی، مسارع (١٩٧٨). التنمية محوالامية، المعلم الجديد،عدد ٤٠،تشرين ثانی.

الشبيلی، ابراهيم محدی.د.ت. بناء مناهج متطورة لمحوالامية:: الدمعلم الجديد ، عدد خاص، تصدرها وزارة التربية.

شمس كوردستان: عدد٥١ ايلول ١٩٧٨.

صالح، ساهرة عبدالودود (١٩٨٢). مشكلات انجاز الاساس فی بعض مراكز محوالامية فی البصرة، كلية التربية جامعة البصرة، عدد،٤،

محمد، نصير خيرالله (٢٠١٤). تطور التعليم فی العراق ١٩٥٨-١٩٦٨، رسالة منشورة فی مجلة ابحاث كلية التربية الاساسية المجلد ١٢، العدد ٢.

المعلم الجديد: د.ن، عددخاص عن محوالامية بغداد.

المعلم الجديد، المجلد ٣٨،جزء الاول، حوزيران ١٩٧٦.

الوقائع العراقية: العدد ٢٣٢٠، ١٩٧٤/٢/١٧.

الوقائع العراقية: العدد ٢٢١٩، ١٢/ ١٩٧٣/٢.

الجمهورية العراقية وزارة التربية مديرية المناهج والوسائل والتقويم:د.ت. نماذج اختبارات مرحلة التكميل، ط١،مطبعة جميل-بغداد.

مديرية التربية والتعليم الذاتية الاحتفال بذكري يوم محوالامية العالمي العدد: ١٨٤٣٨ ، في١٩٦٩/٨/٣١.

Abdulsamad, Z. T. (2025) “The Relationship Between the Sheikh Bizeni Tribe and the Residents of Koya City and its Surroundings (1900-1905): A Historical-Documentary Study ”, KOYA UNIVERSITY JOURNAL OF HUMANITIES AND SOCIAL SCIENCES, 8(1), pp. 167–177. DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp167-177

پاشکۆکان


## پاشکۆکان

### پاشکۆی ژمارە(1)



ئەوە هێماو دروشمی پرۆسەی نەخوێندەواریەوە، کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەرچووە، بۆ زاڵبون بەسەر ئەو پرۆسەیە

### پاشکۆی ژمارە(2)



ئەم بەڵگەنامەیە ناوی بنکەکانی نەخوێندەواریە لە شاری سلێمانی و دەوروبەری

## عملية محو الأمية في العراق بين عامي( ١٩٦٨-١٩٨١) السليمانية نموذجًا (دراسة تاريخية– تحليلية)


### الملخص

هذا البحث بعنوان (عملية محو الأمية في العراق بين عامي ١٩٦٨-١٩٨١: السليمانية نموذجًا). يحاول البحث استقصاء مدى اهتمام السلطات العراقية بعملية التعليم وتوعية المجتمع في ذلك الوقت. حيث يوجه البحث السؤال: هل أثرت التغيرات والتطورات السياسية في البلاد على هذه القضية أم لا؟ في هذا السياق، تُعتبر السليمانية والمناطق المحيطة بها مثالًا هامًا للدراسة. في منتصف القرن العشرين، بلغ معدل الأمية بين أفراد المجتمع العراقي مستوى خطيرًا للغاية، حيث بلغ المعدل، حسب و وفقًا لبيانات بأن الإناث، ٩٠٪ في المدن و٩٩٪ في القرى. لحسن الحظ، بعد ثورة ١٤ تموز/ ١٩٥٨، افتُتحت في العراق عشرات مراكز محو الأمية، خاصةً و بالتحديد بعد صدور القانون رقم ١٥٣ لسنة ١٩٧١. وافتتحت الهيئة العليا لمحو الأمية، برئاسة وزير التربية، مقراً لها في بغداد العاصمة، ثم صدر القانون رقم ٩٢ لسنة ١٩٧٨، بهدف محو الأمية وتعليم الإلزامي للمواطنين الذين تتراوح أعمارهم بين (١٥-٤٥) عامًا. كما رُصدت ميزانية كاملة لتوفير المستلزمات و إحتياجات المركز وافتتاح المدارس الشعبية الجديدة في كافة مدن العراقية و بدون فرق. في الحقية و الواقع، يهدف هذا البحث بشكل رئيسي إلى تقديم لمحة عامة عن ظاهرة الأمية في ستينيات القرن الماضي، ثم يُبيّن دور القيادة في السليمانية ومحيطها، إذ سعت إلى توعية أفراد المجتمع الكردي من الجنسين بشكل واسع، و سعي جيد جداً لبناء مجتمع مثقف. كما يعتمد هذا البحث على المنهج التاريخي والتحليلي من خلال رصد وتحليل الوثائق والمصادر التاريخية، وصولًا إلى استنتاج أسباب الأمية وكيفية الاستعداد لها.


**الكلمات المفتاحية:** محو الأمية، الجهل، دور المراكز، تربية السليمانية، موقف المسؤولين.

## The Process of Eradicating Illiteracy in Iraq Between 1968-1981, Sulaimani as an Example (A Historical – Analytical Study)


ABSTRACT

This paper is entitled (The Process of Eradicating Illiteracy in Iraq Between 1968-1981, Sulaimani as an Example). It investigates the extent that Iraqi authorities paid attention to the process of education and awareness. Have the political changes in country affected this issue or not? Sulaimani and its surroundings is an example. In the mid-20th century, the illiteracy rate among Iraqis was dangerous; females' rate was 90% in the cities and 99% in the villages. After the July 14, 1958 revolution, dozens of illiteracy eradication centers were opened after the enactment of Law No. 153 of 1971. The High Commission for the Eradication of Illiteracy, headed by the Minister of Education, opened a base in Baghdad. Then Law No. 92 of 1978 was passed to eradicate illiteracy and compulsory education for ages between (15-45) years. A full budget was provided for the headquarters and opening of popular schools. The purpose of this study is to provide an overview of the illiteracy process in 1960s, the role of the headquarters in Sulaimani and its surroundings is shown, they tried to raise the awareness in both sexes in Kurdistan and create an intellectual society. This research relies on historical-analytical methods through observation and analysis of historical documents. Then the conclusions of the causes of illiteracy and how to prepare for it.


KEYWORDS: Eradication Of Illiteracy, Ignorance, Role Of Centers, Sulaimani Education, Attitude Of Officials.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp305-321